
# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە ( 24 ) 15/3/2017 — بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە — مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت

لە ١٣٥ ساڵیادی مەرگی مارکس دا
ل10

# دوای ٣٠ ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا... کارگەی دوبارە زیندو ڕاگرتنی کارەساتەکە لەلایەن بزوتنەوەی قەومپەرستی کوردەوە، دەگەڕێ...



١٦ سێ، هەموو ساڵێک، ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەیە. ساڵیادی برینێکی قوڵە بە جەستەی کۆمەڵگەی کوردستان و ویژدانی زیندویی ئینسانەکانی هەسارەی زەویەوە... ساڵیادی ژەهر ڕێژکردنی شارێک و هەموو بوونەوەرێک و ئینسانەکانییەتی... بە گەورەو بچوکەوە، بە ژن و پیاوەوە، بەلاو پەککەوتەوە، بەنەخۆش و تەندروستەوە...

٣٠ ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی درندەی قەومپەرستی عەرەبی بەعسی... لەچوارچێوەی جەنگی کۆنەپەرستانەیدا لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی و مەزهەبی ئاخوندەکانی ئێراندا، هەڵەبجەی کردە گۆرستان بۆ دانیشتوانەکەی. هەڵەبجە لەو جەنگەدا گەورە قوربانییەک بوو، بەڵام ئەمە هەموو حکایەتە مەرگ هەژێن و کارەساتە دڵ هەژێن و تەکاندەرەکە نییە... کارەساتەکە هاوکات حکایەتی جەنگی نێوان دوو بزوتنەوەی کۆنەپەرست و ئینسان کوژی قەومییە... بزوتنەوەی قەومی عەرەبی لەلایەک و بزوتنەوەی قەومی کورد لەلایەکی ترەوە.

بەڵێ لەچوارچێوەی جەنگی کۆنەپەرستانی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقدا، و لە ململانێی نێوان ناسیونالیزمی عەرەبی بەعسی لەگەڵ بزوتنەوەی قەومی کورد، کە لەو ساتەدا ببووە کەوا سوری بەر لەشکری فەتح و سوپای ئاخوندەکانی ئێران... هەڵەبجە کرایە خۆراکی ژەهر، ژەهری کوشندەو ژەهری جەنگی کۆنەپەرستانە. لەو جەنگەدا بەهەزاران ئینسان گیانیان لەدەستداو بە هەزارانیش بریندار و کەم ئەندام و ژەهراوی بوون... تەنانەت ژمارەیەک لەو قوربانیانە دوای مەرگیان لەلایەن بازرگانانی سیاسەت و کەسانی ویژدان مەیوی کوردەوە، پەنجەو مەچەکیان قرتێنرا بۆ ئەڵقەو بازنەکانی دەستیان، گەردنیان زامدارکرا بۆ ملونکەی ملیان... ئای چ کارەساتێک بوو...


ئێستا دوای ٣٠ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە ئینسانییە جەرگبڕەدا، چ تاوانبارانی جەنگ و تاوانبارانی بەشدار لەو کارەساتەو چ پەنجە و مەچەک بڕ و تاڵانچیانی شاری لەگاز هەڵکێشراو... بەسزای تاوانکارانەیان نەگەیشتوون، بەشێکیشیان لە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردیدا، پێگەی بەرپرسیارێتیان هەیە.


دیارە سارێژکردنی برینێکی قوڵ و تراژیدیایەکی کەم وێنە لە دنیای هاوچەرخدا، کارێکی سانا نییە، بە تایبەتیش کە خەڵکی قوربانی لێکەوتوو تا ئێستا تراژیدیای بەرێوەچوونی ژیان یەخەگیریانە و ژیانیان هەڵدەلوشێ.

سوکبوونی کاریگەریەکانی هەرتراژیدیایەک لەوێوە دەست پێدەکات کە خەڵکی قوربانی لێکەوتوو، زیندووەکان، ژیانیان، گوزەرانیان، ئاوات و ئارەزووەکانیان، لە کەش و دۆخێکی تەندروستدا بێت و زەمانەتی پاراستنی کۆمەڵگە لە دوبارەبوونەوەی تراژیدیاکان مەیسەرکرابێت. کاتێک ئەمە فەراهەم نەبوو تراژیدیاکە بە شێوەی تر درێژەی دەبێت.

خەڵکی هەڵەبجەو هەموو ئەو شوێنانەی بوونە قوربانی دەستی درندەیی بەعس، یان لە جەنگی نێوان بەعس و بزوتنەوەی قەومی کورددا، بوونەتە قوربانی، لە ژیانێکی سەخت و مەمرەو مەژیدا ڕاگیراون... هێشتا هەواڵی گیان لەدەستدانی بریندارانی هەڵەبجە، مۆتەکەیەکەو رادەگەیەنرێت... لەوانەش ناخۆشتر و تراژیدی تر... دۆسیەی هەڵەبجەو کەیسی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان بەرگی کەمپەین و ئاکسیۆنی بەبەرداکراوە، ئێوە تەماشابکەن، جگە لەهەوڵی ماندونەناسانەو ئینسانیانەی ژمارەیەک خەمخۆرو چەند ڕێکخراوێکی مەدەنی دەستکورت، لە سەرجەم حزب و ڕێکخراو لایەنە...
بۆ لاپەرە ٢

## کێ درێژە بە کورتەی مێژووی کات دەداتەوە...؟!






لەغەمی مەرگی ستیڤن هاوکینگدا
ل3

**لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:**


* دکتۆر فالح عبدالجبار ژیانئاوایی کرد ل3
* موسڵ شاری مردو و نهێنییەکان.......ل4
* شۆڕشی ژنانی سەرشەقام،ناسراو بە.....ل5
* لەشفرۆشی بەرهەمی سیستەمی..........ل6
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و......ل7
* ساڵیادی شوراکان لە چ هەلومەجێکدا..ل8
* لە گۆشەیەکی ترەوە.......................ل9
*


## دەبێ دەستبەجێ هێرش و گەمارۆی سەربازی تورکیا بۆسەر عەفرین، کۆتایی پێ بێت... ل2

## درێژەی... وتەی ژمارە

سیاسیەکان ساڵانە چەند رۆژ پێش یادی رووداوەکان و چەند رۆژ دوای رووداوەکان، دەکەونە بیری ئەم کارەساتانە. لەم چەند رۆژەشدا سەرقاڵی پێشوازی لە وەفدە بیانی و میوانانی حزبین، سەرقاڵی فیستیڤاڵ و کۆرو سمینارو شانۆ نمایشکردنن..... جگە لەمە هیچیتریان نییە بۆ وتن و کردن. باقی ساڵەکە باسێک، بەدواداچونێکی جدی، ئاوڕدانەوەیەکی بەنەخشە، خزمەتگوزاری و ژیانێکی شایستە بۆ زیندووەکان لەبەرنامەیاندا نییە. تا ئێستا بۆنی غازی کوشندە، بۆنی لمی بیابان، لە جەستەی ئینسانی و تاکی زیندوی خەڵکی کوردستان دێت. چەند کیلۆمەتر ئەولای مۆنیمێنتەکان کەلاوەو داروخاوە، بەسەدان کەس لە بریندارانی ئەم کارەساتانە لە چاوەڕوانی مەرگی شینیەییدا ڕاگیراون.

ئەم بێدەربەستییە و نابەرپرسیاریەتییە، کاریگەری تراژیدیاکە هەموو ساتە وەختێک دەمە زەرد دەکاتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو کارەساتە جەرگبڕو کۆمەڵکوژیەکان کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە، لە جەرگەو کێشمەکێشی نیوان ڕژێمی بەعس و حزب و لایەنەکان بزوتنەوەی قەومی کورددا بووە. وە سەرانی بزوتنەوەی قەومی کورد، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بزوتنەوەی بۆرژوازی کورددا هەمیشە تراژیدیاو کارەساتەکانی خەڵکی کوردستانیان وەکو سەرمایەکی سیاسی بەدەستەوە گرتووە بۆ سازان و پچرینی بەشی سیاسی. لەهەموو دانوسان و سازانەکان و ڕێکەوتننامەکان و هاوپەیمانیەتیەکانیاندا، فایل و کەیس" پەروەندە" ی تاوانە زنجیرەیەکانی وەکو، کیمیاباران، ئەنفال ڕاگواستنی بە کۆمەڵ، ناپاڵم داباراندن، بەخاککردنی شارو شارۆچکەو هەزاران گوند،...لە ژێر باڵی سەرانی بزوتنەوەی قەومی کورد بووە. هاوکات هەر ئەوان بەدەیان تەن بەڵگەنامەیان دەست بەسەرا گرتووە کە دەتوانرێت لە ڕێگایانەوە، تاوانباران و نەخشەڕێژان و هاوکاران و سەرجەم بەشداربووانی ئەم تاوانە زنجیرەیانە، دەستنیشان بکرێن و بدۆزرێنەوە، کەچی نایانەوێت تاوانبارانی ئەم تاوانکارییانە و باگراوندی ئەم کارەساتانە ئاشکرا بکرێن.

لەوەها وەزعیەتێکدا، کە برسێتی و گرانی و بێکاری و لانەکردنەوە لە کەس و کاری قوربانیان و بریندارانی کارەساتی هەڵەبجە، بەردەوامەو دەسەڵات باکی بە ژیان و گوزەران و ئایندەی هاوڵاتیان و تاکەکانیەوە نییە، دەتوانین بڵێین تا ئێستا کارگەی دوبارە زیندوڕاگرتنی کارەساتی هەڵەبجە لەلایەن بزوتنەوەی قەومپەرستی کوردەوە، دەگەڕێ.

هەنگاوی چارەنووسساز و گرنگ لەراستای ساڕێژکردنی برینەکان و قەرەبووکردنەوەی کارەسات دیدەکان ئەوکاتەیە کە خەڵکی کوردستان دەستیان بە دەوڵەتی سکیولارو سەربەخۆی خۆیان دەگات، کە ئینسان تیایدا ئازادو تەسەل و خۆشگوزەرانە و خاوەن ئیرادەو شکۆی ئینسانیەتی.

تا ئەو کاتەش کە خەڵکی کوردستان لە ژێر قەڵەمرەوی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی قەومپەرستدا بێت، نەک هەر ئیمکانی ساڕێژکردنی برینەکان سەختە، بەڵکە هەرەشەی دوبارەبوونەوەی تراژیدیا لە بەرگی ترو بەشێوەی تر مەحاڵ نییە، شەنگال نموونەیەکی بەرجەستەی ڕاستی نیشاندانی ئەو حەقیقەتەیە.

ڕاستیەکی تاڵ هەیە ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بێئیرادە کراون. حزبە قەومییەکانی کوردستان بێ شەرمانە کایە بەچارەنووسی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن و تراژیدیاو کارەساتەکانیش لە تونێلی شاراوەییدا ڕادەگرن. بە وتارو ڤیستیڤاڵی ریاکارانە یادی ئەم کارەساتانە دەکەنەوەو لە پێشوازی وەفدی بیانی دەوڵەتاندا دەست لەسەرسنگ دەوەستن و وەکو سندوقی سواڵ و سەرمایە کۆکردنەوە تەماشای دنیای لەخوێن هەڵکێشراوی ناوچە کارەسات بارەکان دەکەن، بەکردەوە نیشانی ئەدەن ئەوەی کە بۆیان گرنگ نییە بەدواداچوونە بەدوای کارەساتەکانی خەڵکی کوردستان و ئاشکراکردنی دیوەشاراوەکانی ئەم ڕووداوانە. بۆیە هەرچەشنە ئومێد بەستنەوەیەک بەوەی کە ئەم لایەنە قەومی بۆرژوازیانە مامەڵەیەکی بەرپرسانە لەگەڵ ئەم کەیسانە بکەن، ئومێدێکی بێجێگایە. بەداخەوە کەم نین ئەوانەی تا ئێستا خۆشباوەڕن بەم حزبانە. پێویستە ئەم خۆشباوەرییە لەلایەن خەمخۆران و ڕێکخراوە مەدەنی و بەرەی سۆسیالیست و چەپ و رادیکاڵی کۆمەڵگەوە، بڕەوێنرێتەوە. پێویستە کۆتایی بە سات و سەودا بە خوێنی قوربانیانی هەڵەبجەو ئەنفال و شەنگال و بهێنرێت، کۆتایی بە سات و سەودا بە هەنسکی کەس و کاری قوربانیان و ژیانی دۆزەخی ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بهێنرێت... گێڕانەوەی ئومێد و ئیرادە بۆ خەڵکی کوردستان، کارێکە بەبێ دەستدانە خەبات بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، فەرهەم نابێت... ئەو دەسەڵاتە لاباک و سەرکوتگەر و تاڵانچیەی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ناوەرۆکدا دیوی دووەمی عروبەو دەسەڵاتی بەعسە، لەهەرێمی کوردستاندا...

## خەڵکی عەفرین لەبەردەم مەترسی کۆمەڵکوژیدان!
## دەبێ دەستبەجێ هێرش و گەمارۆی سەربازی تورکیا بۆسەر عەفرین کۆتایی پێبێت!

سوپای دەوڵەتی کۆنەپەرست و فاشیستی تورکیا، دوای نزیکەی دوو مانگ لە شەڕێکی نابەرابەردا، بە نوێترین چەکی پێشکەوتوو و وێرانکەر و بەهاوکاری گروپ و تاقمە ئیسلامیە بەکرێگیراوەکانی بەناوی "سوپای سوریای ئازاد"، وە دوای بەرەنگاریەکی سەختی خەڵکی عەفرین و هێزە سیاسیەکان، سەرەنجام لە شاری عەفرین نزیک بونەتەوەو لە چەند لاوە گەمارۆی سەربازی شارەکەیان داوە. لەولاشەوە رژێمی دژی مرۆڤکوژی سوریا، کە هاوسنوری عەفرینە، لەجیاتی ئاسانکاری بۆ دەربازبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی، گومرکی سەریان دەکات! ئێستا سەدان هەزار هاوڵاتی خەڵکی شارەکەو ئاوارەی ناوچەکانی دیکە کە لەعەفرین دەژین، لەبەردەم کارەستێکی مرۆیی گەورەدا راگیراون.

دەوڵەتی روسیا کە دەورێکی سەرەکی هەیە لە شەڕی ناوخۆی سوریادا، چرای سەوزی بۆ دەوڵەتی تورکیا هەڵکردوە. ئەمریکاش کە هەموو هەوڵێک دەدات بۆئەوەی تورکیا بەتەواوی نەچێتە ناو هاوپەیمانیەتیەکی ستراتیژیەوە لەگەڵ روسیادا، بێدەنگەی لێکردوەو ناوچەی عەفرینی بۆ تورکیا رەها کردوە. دەوڵەتانی ئەورووپاش نایانەوێ دڵی هاوپەیمانەکەی ناتۆیان برەنجێنن. بەم شێوەیە لەناو رەزامەندی و بێدەنگی رای رەسمی جیهاندا، خەڵکی عەفرین لەناو ئاگری تیرۆریزمی دەوڵەتی تورکیاو تیرۆریزمی ئیسلامی بەکرێگیراوی تورکیا گەمارۆدراون.

عەفرین بەدەست تیرۆریستانی داعش و بەرەی نوسرەو ئەحرار الشام و گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیە مرۆڤکوژو مرۆڤ سەربڕەکانەوە نیە، تا ئەو دەوڵەتانەی کە بانگەشەی درۆزنانەی جەنگی دژی تیرۆر دەکەن، چاوی خۆیان لەئاست ئەو کارەساتەدا دابخەن کە خەریکە لە عەفرین روودەدات!

پێویستە خەڵکی ئینساندۆست وئازادیخوازی جیهان بەرامبەر بەم ملهوڕی و تیرۆریزمەی دەوڵەتی تورکیا و دەستوپێوەندە ئیسلامیەکانی لە سوپای بەناو "سوریای ئازاد" بێدەنگ و تەماشاچی نەبن. دەوڵەتانی ئیمپریالیستی روسیاو ئەمریکا و  دەوڵەتانی هاوپەیمانیان لەناوچەکە، خەریکن لەسەر کوشتاری خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەراست و وێرانکردنی چەندین شاری وەکو موسڵ و حەڵەب و رەققەو ئێستاش عەفرین بەسەر دانیشتوانەکانیاندا، جەنگی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. ئەم بەربەریەتە ناکرێ قبوڵ و تەحەمول بکرێ. ئەگەر بەرامبەر بەم جەنگخوازی و ملهوڕی و بەربەریەتەی ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی هاوپەیمان و نۆکەریان بێدەنگ بین، دەستی ئەم جڕوجانەوەرانە درێژ دەبێ بۆ سەرکوتکردن و لەخوێن هەڵکێشانی هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی و کرێکاری و پێشکەتنخواز لەناوخۆی ئەو وڵاتانەو لە هەر جێگایەکی تری دنیادا کە سەر بەرزبکاتەوە.

سەرکەوێ بەرەنگاری خەڵکی عەفرین

**بژی بەرەی  مرۆڤایەتی ئازادیخواز و ئینساندۆست دژی بەربەریەتی بۆرژوازی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١١ی مارسی ٢٠١٨**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

### کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆشیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە  بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە،  سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن...**

**ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لە پەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵی بۆ پێشەوەیە...**

bopeshawa@gmail.com

# وەرگێڕی عەرەبی شاکاری مارکس" سەرمایە" د. فالح عبدالجبار ماڵئاوایی کرد...

**نووسینی و ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید**

بەرەبەیانی دووشەممە ٢٥ی شوبات لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لە کاتی تۆمارکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەتی دۆکیومێنتاری لەسەر عێراق، د. فالح عبدالجبار ئەکادیمی و لێکۆڵەرەوە و کۆمەڵناس, بەهۆی جەڵتەی دڵ گیانی لەدەستدا.

د.فالح لە دایکبووی ناوچەی باب الشیخە لە شاری بەغدایە ساڵی ١٩٤٦. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کاری نووسینی لە ڕۆژنامەی ( طریق الشعب)ی حزبی شوعی و الثقافة الجدیدة دا کردوە. ساڵی ١٩٧٨ عێراق بەجێدێڵی بەرەو سوریا؛ بەهۆی ڕاوەدوونانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن دژ بە نووسەر و ڕۆشنبیران و دیموکراتخوازان و چەپ و ئەوانەی ئەندامی حزبی بەعس نەبوون.

سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سوریا بەجێدێڵێ بەرەو لەندەن و براونامەی دکتۆراکەی لە زانکۆی لەندەن کۆلێجی بیرکبێرک بۆ زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەدەست دێنێت، و هەر لەو زانکۆیەشدا دەبێتە مامۆستا. پێش ئەوەش وەک بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە و چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوەندی خوێندنی کۆمەڵایەتی جیهانی عەرەبی کاری کردوە کە بارەگاکەی لە نیقۆسیا و بەیروت بووە.

د. فالح جگە لە زمانی عەرەبی زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی زانیوە، و نووسینی لەسەر بابەتی کۆمەڵگەی مەدەنی و چینایەتی و کۆمەلایەتی و باسی مارکسیدا هەبووە، هەربۆیە بۆ ماوەی ١٠ سالی تەمەنی تەرخان دەکات بۆ وەرگێڕانی شاکاری نووسینی مارکس(سەرمایە) بۆ سەر زمانی عەرەبی لە هەردوو سەرچاوەی ئینگلیزی و ئەڵمانیەکەیدا. ئەم کتێبە لە ٣ بەرگدا چاپ کران. هەروەها دوو کتێبی دیکەی نووسیوە لەسەر دوای مارکسی، یەکێکیان بە عەرەبی و ئەویتر بە ئینگلیزی کە ئەم ناونیشانانەیان لەخۆگرتووە" ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دوای مارکسی "ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو مەرگی هزری سۆسیالیستی و مارکسی جاڕی بۆ دەدرا.

د.فالح بەیەکێک لە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکان دادەنرێت کە داکۆکی لە بیرو رای ئازاد و ڕادەربڕین کردووە. هەروەها یەکێک لە رۆشنبیرە دەگمەنەکانی عێراق بووە کە ناوی لە لیستی بەیانی ڕۆشنبیرانی عەرەبدا هاتووە بۆ ئیدانەکردنی فتوای خومەینی بۆ کوشتنی نووسەری بەریتانی بە ڕەگەز هیندی ( سلمان ڕوشدی) کردووە لە سەر کتابە بەناوبانگەکەی( ئایاتە شەیتانیەکان).

د.فالح کۆمەڵێک نووسینی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی هەبووە.

عبدالجبار بەیەکێک لە زاناکانی عێراق دادەنرێت لە بواری کۆمەڵناسیدا لە دەیەی ئاخردا. لێکۆڵینەوەکانی تیشکی خستۆتە سەر کۆمەڵناسی ئایین، و خوێندنەوەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان و دامەزراوە سەرەکیەکانی پێش دەوڵەت؛ وەک ( عەشیرەت و تاییفە...) و ڕۆڵیان لە دروستکردنی گەل و میللەت. هەروەها گرنگی داوە بە لێکۆڵینەوە لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە ئیسلامیەکان لە ڕاوانگەی کۆمەڵناسیەوە. لەم مەیدانەدا کۆمەڵێک باس و کتابی بۆ بەجێهێشتین لەوانە" بزووتنەوەی شیعە لە عێراق ساڵی ٢٠٠٣"، کتابی" ئایەت والله و سۆفی و ئایدیۆلۆجیگەراکان ساڵی ٢٠٠٢" ئەم دوو کتێبە بە زمانی ئینگلیزی چاپکراون. ساڵی ٢٠٠٩ بە زمانی عەرەبی کتابی" العمامة و الافندی" و' کۆمەڵناسی لە وتار و بزووتنەوە و نارەزایەتی شیعی- عێراق بەنموونە"ی بە چاپ گەیاند.

هەروەها کتابێکی بە چاپ گەیاندوە بەناوی" کورد و نەتەوە و سیاسەت- ٢٠٠٤".

جگە لەو کتێبانەی باسمانکردن، لیستێکی درێژی نووسین و کتێبی دیکەی بەچاپ گەیاندوە بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی. دوایین کتێبی بەناوی" دەوڵەتی خیلافەت: پێشکەوتن بەرەو ڕابردوو(' داعش' و کۆمەڵگەی نێوخۆیی لە عێراق)" لە کۆتایی ٢٠١٧. عبدالجبار لەم نووسینەیدا پشتی بەستبوو بە بیرۆکەی بنەڕەتی" دەوڵەتی فاشل لە عێراق، بنەمای گەشەکردنی بزووتنەوە تەکفیری و بانگخوازەکانە". ئەمەش ڕەنگدانەوەیە بۆ بیرۆکەیەکی ڕابردوو پەیوەستە بە گۆڕانی نوخبەی دەسەڵاتی عەرەبی بۆ" چین"ێکی داخراو، و ڕۆڵی لە لاوازکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە!

ئیمە لە ستافی " **بۆپێشەوە**" پرسە و سەرەخۆشی و دڵگرانی خۆمان دەگەیەنێتە خانەوادە و هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستانی د. فالح عبدالجبار و هاوبەشی خەمیانین. هیوادارین دوا ناخۆشیان بێت و بەردەوام بن لەسەر ڕێچکەی فالح بۆئەوەی هەمیشە مۆمێکی گەشاوەبێت بۆ ئازادی و یەکسانی.

**سەرچاوە/ الی الامام/ العربیة**

# کێ درێژە بە کورتەی مێژووی کات دەداتەوە...؟! لەغەمی مەرگی ستیڤن هاوکینگدا

**نووسینی: مزەفەر عەبدوڵا**

لە کاتێکدا ئەمڕۆ یادی ١٣٥ ساڵەی مەرگی ئەو مرۆڤە بلیمەتە شۆڕشگێرەیە کە ڕێڕەوی مێژویی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گۆڕی، کە لە تێزە بەناوبانگەکەیدا کورتی کردەوەو وتی: هەمو فەیلەسوفەکانی پێشو تەنها دونیایان لێکداوەتەوە، بەڵام گرینگ گۆڕینیەتی، کە ئەویش کارڵ هینرش مارکس بوو کە لەساڵی لە ئەڵمانیا لە دایک بوو لە ساڵی ١٨٨٣ لە لەندەن مرد.

بەڵام بە داخەوە ئەمرۆ لەسەر زاری کوڕەکانییەوە لوسی، ڕۆبەرتو تیم مردنی ستیڤن ئیدوارد هاوکینگی باوکیان بە داخێکی زۆرەوە بڵاوکردەوەو بیستمان.

شایانی ئاماژەیە هاوکینگ خاوەنی چەندین تیۆرو کتێبەو کە یەکێک لە بەناوبانگترین و بەبەهاترینیان بریتییە لە کتێبی کورتەی مێژویی گەردون وەک لە تایتڵی سەرەوەی بابەتەکە ئاماژەمان پێداوەو کردومانە بە پرسیارێکی ئومێدبەخش کە کێ جێگای ئەو دەگرێتەوەو بەردەوام دەبێت لە داهێنانی زانستی.

هاوکینگ لەم سەردەمەدا لەبواری فیزیاو گەردونناسیدا بێ موبالەغە گەورەترین زاناو پسپورەو قامەتی ئەگەر لە ئەیزک ئەنیشتاین بڵندتر نەبێت، ئەو هیچ کورتر نییە. بە پێی وتەی پسپۆرانی ئەو بوارە کە وەسفی دەکەن لەسەر کورسییەکەی ئەنێشتاین دانیشتوە لە زانکۆی کامبرج لە بەریتانیا.

کورتەی ژیاننامەی ئەم مرۆڤە مەزنە ئەوەیە کە لەڕێکەوتی ٤-١-١٩٤٢ لە دایک بووە لە شاری ئۆسفوردی بەریتانیاو، هەر لەوێش چۆتە خوێندنگای سەرەتایی وپاشان ئامادەیی و لەکۆتایدا بە پلەی ئەکادمیک بەسەرکەوتویی تەواو کردوە. وە لە کۆلیژی زانستی گەردونناسی – کۆزمۆلۆجیا - لە زانکۆی کامبرج وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکی مێشکەوە کە لە دەورانی هەرزەکاری توشی هات تەواو پەکی کەوت. هەرچەندە یەکەمجار دەیتوانی کەمێک قسە بکات، بەڵام بە تێپەربونی کات دەنگیشی تەواو لە دەستدا. هەر لەو کاتانە پزیشکەکان پێیان وابوو کە تەنها ٢-٣ ساڵ دەژێت، بەڵام خۆشبەختانە پێشبینی یەکانیان ڕاست دەرنەچوو. سەرەڕای چەند نەخۆشی تر تا ئەمڕۆ ژیاو، لەسەرو هەموو ئەو نەخۆشیانەشەوە توانی بەهۆی زیرەکی و بلیمەتی و بە ئیرادە گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات بە تایبەتی لەو بوارەی کە خۆی لەرادەبەدەر ئارەزوی دەکرد کە فیزیاو گەردونناسی بوو. هەر بۆیەش توانی چەندین تیۆر دابنێت و گەلێک دۆزینەوەی مەزن بکات. لەوانە پەیبردن بە دەرهاویشتنی تیشکەکانی کونیلە ڕەشەکان- الثقوب السوداء-

کە بەم تیۆر- بیردۆز-ە یەی بیردۆزەکانی زاناکانی پێش خۆی لەوبوارە پوچەڵکردەوە.

هەروەها لەبواری تیۆری ڕێژەیی کە ئەنیشتایین بە داهێنەری دادەنرێت، ئەو کۆمەڵێک زانستی تری خستە سەر ئەو تیۆرە.

شایانی ئاماژەیە کە کاتێک لە تەمەنی ٢٤ ساڵ تێزی دکتۆراکەی بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٦٦ بوو کە بووە پڕ فرۆشترین کتێبەکانی ئەوکاتە کە لە ١٣٤ لاپەرە پێکهاتبوو، هاوکات ساڵی ١٩٨٨ کە کتێبی کورتەی مێژویی گەردونی بڵاوکردەوە لە ماوەیەکی کەمدا زیاتر لە دوو ملیۆن دانەی لێفرۆشرا.

بێگومانە کە تیوری و دۆزینەوەو پەیبردنی بە نهێنییەکانی دروستبوونی کات و شوێن و گەردون بۆ مرۆڤایەتی دەسکەوتی گەورەن بۆ پوچەڵکردنەوەی ئایدیالیزم و میتافیزیک کە زیاتر پشت بە ئەفسانەو خەیاڵەکان بە تایبەتی خورافە ئاینییەکان دەبەستێت.

هاوکینکیش وەک سەدان زانای تری ئایزاک ئەنیشتاین و داروین و فیساگۆرس و کۆپەرنیکۆس و باسکاڵ و نیوتن و. گالیلۆ... هتد کە لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا بونەتە بەهێزبوونی تیورەکانی ماتریالیزمی دیالەکتیک بە تایبەتی لەبواری کۆمەڵناسیدا کە یەکێک لەسەرچاوەکانی بیری بیرمەندو گەورە شۆرشگێری مرۆڤایەتی کارل مارکسە. ئەوە نزیک بە سەدەو نیوێکە بە مارکسیزم ناسراوەو هەموو بەرەی ئایدیالیزم و میتافیزیک بە تایبەتی لەڕووی فکری و سیاسییەوە دژایەتی دەکەن.

ئێستا تیورەکانی هاوکینک بەر لەهەر شتێک وەڵامی تیژی زانستییە دژی بیروباوەری خورافی ئایینی کە سەرچاوەی بوونی هەموو شتێک بۆ دروستکەرێک – خالقێک بەناوی الله - خودا- یەک دەگێرنەوە. لەمبارەیەوە هاکینگ چەندین کورتە وتەی هەیە لەوانە کە دەڵێت: من مێشکی مرۆڤ وەکو کۆمپیوتەرێک ئەبینم لەکار ئەکەوێت کاتێک پێکهاتەکانی لەکار دەکەون. هیچ بەهەشتێک یان ژیانی ئایینده – قیامەت - چاوەڕێی کۆمپیوتەرە شکاوەکان ناکات .ئەوەی باسی قیامەت و ژیانی ئایینده دەکات ئەوە خورافەی ئەو کەسانەیە کە لە تاریکی ئەترسن- هەروەها بە پێچەوانەی زۆرێک لە زاناو پسپۆرەکانی تر ئەم زۆر ڕاشکاوانەو دوور لە ڕێزدانان بۆ باوەڕو هەستە ئایدیالیستییەکان ڕای ماددیانەی خۆیداوە بە تایبەتی لەبارەی خورافەی دینییەوە. تا هەرچی زیاتر خەڵک باوەڕ بەو خورافانە نەکەن و بیر بکەنەوەو بە شوێن پەی بردنی ڕاستییەکانی دروستبوونی بوون بە گشتییەوە بن.

خاڵێکی تری گرینگ و بەرچاو و ڕوون و ڕاشکاوی هاکینک بیرو هەڵویستە ئینسانییەکانێتی لەڕویی ئابوری و سیاسی وکۆمەڵایەتییەوە. ئەو هەمیشە لایەنگری ئازادی و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان بووە. لە یەکێک لە وتەکانی دەڵێت ئەگەر هەلومەرج و دەرفەتی یەکسانی بۆ هەموو مرۆڤەکان برەخسێت، ئەوە لە جیاتی هاوکینگێک چەندین هاوکیکنگی تر پەیدا دەبن بۆ پەیبردن بە ڕاستییە شاراوەکانی بوون.

هەروەها لەبارەی بە خراپ بەکارهێنانی زانست لەلایەن سیاسەت و سیستەمی سیاسییەوە کە چۆن بەهۆی ئەم سیستەمەوە ئەگەری زۆر هەیە بەهۆی جەنگێکی ئەتۆمییەوە مرۆڤایەتی و زەوی لەناوبچێت. یاخود بەهۆی دروستکردنی ڤایرۆسێکی کوشندەوە لەلایەن ڕژێمێکەوە کە ببێتە هۆی بڵاوبونەوەی و لەناوچونی هەمو مرۆڤایەتی. هەر بۆیە پێشنیار دەکات کە پێویستە مرۆڤایەتی بیر لە گواستنەوەی ژیان بکەنەوە بۆسەر ئەستێرەکان تا ئەگەر مرۆڤایەتی سەرزەوی لەناوچوو بەهەر هۆیەکەوە ئەوە لەسەر ئەستێرەکانی تر ژیان بمێنێت. تەنانەت لە ساڵەکانی ئەم دواییەدا بە تەواوی هەڵویستی لە دژی جەنگەکانی ئەمریکا، هەروەها لە دژی سیاسەتی بە تایبەتیکردنی بواری تەندروستی و خوێندن و پەروەدە دەربریوەو دژی ئەو سیاسەتانەی حکومەتی ڕاستی محافەزەکار بوو. وە هەمیشە داوای دەکرد کەبەهیچ....

بۆ لاپەرە ١١

# موسڵ شاری مردو و نهێنییەکان

## نووسینی: نوری بەشیر

جیهان هات و هاواری ئەمریکاو هاوپەیمانییە غەربی و ناوچەییەکانی باش بیست لەپرۆسەی ئازادی موسڵدا، ئایا موسڵ لەکێ رزگار کراو کێ جێگرەوەیەتی ئێستا، ئایا رزگارکردنی موسڵ بۆ ئەوە بوو کە هێزێکی دڕندەی وەک داعش لەو شارەدا نەهێڵن و خەڵکی موسڵ بۆ ژیانێکی باشتر لەکۆیلایەتی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بەرن یان بۆئەوە بوو خەڵک توشی ئەو هەلومەرجە ترسناکەی ئێستا بکەنەوە؟ راستیەکان و دیوە شاراوەکانی موسڵ شتێکی تر دەڵێت. ئەگەر بانگەوازی پرۆسەی ئازادی موسڵ و جەنگێک کە لەوێ بەڕێخراو چەکێک لەوێ تاقی کرایەوە، و هێزەکانی داعشی لەو شارە وەدەرنا، ئێستا بەئاوڕدانەوەیەک لەموسڵ و هەلومەرجی ژیانی ئەو شارەو خەڵکەکەی و وەزعی سوریا و عەفرین و لیبیا و یەمەن و... دەمانخاتە بەردەم ئەوەی کە دنیای سەرمایەداری بازرگانی بە ئینسانەوە دەکات و بۆ ئەمەش سیناریۆیان زۆرە بۆ بێهۆش کردنی کۆمەڵگە، بۆیە دەبێ بەشوێن رێگا چارەیەکی تری ئینسانیدا بگەڕێین.

### مەبەست لەپرۆسەی ئازادی موسڵ چی بوو؟

مەسەلەی پرۆسەی ئازادی موسڵ لە حوزەیرانی ساڵی پاردا کۆتایی هات لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەییەکان و حکومەتی عێراق و هەموو باڵە جۆراوجۆرەکانی حزب و میلیشیا شیعەکان و بەتایبەت حەشدی شەعبی و تا دەگاتە حزبە ناسیونالیستە کوردیەکان لەدەست هێزەکانی داعش، ئەوەندەی هەریەکە لەو هێزو لایانانە بەشوێن بەرنامەو سیاسەتی خۆیان و خۆ ئامادەکردن بۆ دوای پاکرنەوەی ئەو شارەوە بوون لەداعش، بۆ هەلومەرجی جێگا گرتن و شکاندنی بەرامبەرو چاڵ هەڵکەندن بۆ لایەنەکانی تر ئەوەندە بۆ رزگارکردنی خەڵکی موسڵ نەبوو لە وەحشیگەری و بەرنامەو سیاسەتی هێزەکانی داعش کە هەیبوو لەموسڵ و دەوروبەریدا.

با سەرنج بدەینە راستی کارنامەو سیاسەت وئامانجی هەریەکە لەو هیزو لایەنانە لەموسڵدا. ئەمریکا بەدوای شکستی سیاسی و سەربازی لەعێراق و دواتر لەسوریادا، جەنگی موسڵ بۆی فرسەتێک بوو تا لەو رێگایەوە باڵانسی هێز بگێڕێتەوە رۆڵی ئێران و روسیا، لە سوریادا بشارێتەوە... بۆ تورکیا و ئێرانیش هەریەکەیان بەشوێن ئەجیندانی خۆیانەوە بوون کەچۆن نفوزو دەسەڵاتیان لە عێراق و ناوچەکەدا بەرنە سەرو لەوێوە دەستێوەردان و رۆڵی خۆیان پەرە پێبدەن. بۆ حکومەتی عەبادیش جەنگی موسڵ ئەو نیعمەتە بوو تا لە رێگایەوە سەرکەوتنی ململانێی ناو خانەوادەی ئیسلامی سیاسی شیعی لەبەرامبەر نەیارەکانی و بەتایبەتی مالیکییدا، نیشان بدات، هاوکات وەک هێزی یەکەم بێنە دەرەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بەرەو مەرکەزەت پەلکیش بکەن... لەو نێوەشدا کورتکردنەوی دەستی ناسیونالیزمی کورد و کەم کردنەوەی توانایە ئابوری و سەربازی و سەرەرۆیەکانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی ئامانجێکی تریان بوو... هێرش بۆ سەر کوردستان و داگیرکردنی کەرکوک و کۆنترۆڵ کردنی ناوچە کیشەلەسەرەکان بێت، دەبێ لەچوارچێوەی ئەم بەرنامەیان دابوو... دیارە هاوکاری ئێران و سازشی باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی لەگەڵ ئێران و عەبادی و حەشدی شیعی کە هەدەفی لوت شکاندنی پارتی بوو بۆ بۆ ئەوەی تۆڵەی ٣١ی ئاب و بکەنەوە، توانی نەخشەکەی عەبادی خێراتر بکات...

تا بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە لە پارتی و یەکێتی لەوەی ناوی پرۆسەی ئازادی موسڵ بوو، بەجیا لەوەی کە پارتی وەک هێزێکی کۆنترا بڕی ٤١٢ ملیۆن دۆلاری وەرگرتبوو بەپێی رێکەوتنی ئەمریکاو حکومەتی عەبادی، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە دوای ئازادکردنی موسڵ لەو ناوچانە بگەڕێنەوە، وە یەکێتی لەبەرامبەر هەلومەجی چەند پارچەیی و ململانێی نێوخۆیی و پاشکۆیی بۆ سیاسەتەکای پارتی هەلومەرجی شەڕی دژی داعش چۆن بۆ پارتی یانسبێک بوو بۆ یەکێتیش بەهەمانشێوە لەناوچەکانی کەرکوک و دەوروبەی، بەڵام ئەم شایی و لۆغانەیان زۆری نەخایاندو حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە ئازادکردنی موسڵدا سەکەوتووی یەکەم بوون، ئیتر بۆ ئەمریکاو تورکیا و ئێرانی هاوپەیمانانی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی مەسەلەی یەکپارچەیی خاکی عێراق و گرنگی حکومەتی ناوەندی، خۆری ناسیونالیزمی کوردی ئاوا کردو پەنجەمۆرەکانیان کە لە ٢٠٠٣ دایان لە حکومەتی قەومی عەرەبی لەچوارچێوەی فدراڵیزمی قەومی و تایفی عێراقدا ئێستا باجەکەی نەک تەنیا خۆیان دەیدەن بەڵکو خەڵکی کوردستان بەگشتی ئەو باجە دەدەن و بوونە قوربانی سیاسەت و کارنامەی حزبەکانی کوردایەتی.

ئێستا کوردستان بە هەلومەرجێکی سەختی بێ حکومەت و بێ دەسەڵات و بێ یاسا بەسەر دەبات و هەموو حزبەکان بەئۆپۆزسیۆنی کۆن و تازەوە ملیان بەرەو بەغداد شۆڕکردوە بۆ جیگاگرتن لای حکومەتی عەبادی و باقی حزبە میلیشیا شیعەکان .

### شاراوەکان و هەلومەرجی ئێستای موسڵ:

لەم هەموو ئاڵوگۆڕە خێراو جۆراوجۆرەدا، کە بۆرژوازی و میدیاکانیان هەر رۆژەی کارەسات و کۆمەڵکوژیەک دەکەنە نسیبی خەڵک، وە کردنی زۆر مەسائیل بەمەسەلەی رۆژ و دانانی لەلای سەرەوەی میدیاکاندا، لەگەڵ ئەو هەموو تەپڵ کوتانەی پرۆسەی ئازادی موسڵدا، بەڵام ئێستا موسڵ وەک شارێکی کەلاوەو جێگای مردوەکان بەشاراوەیی و بێدەنگی پەردەی بەسەردا دەدرێت، ئەگەرچی هەلومەرجی خەڵکی عێراق و کوردستان بەگشتی خراپە، بەڵام ئەوەی دوای پاکردنەوەی موسڵ لە چەکدارانی داعش لەو شارەدا دەگوزەرێت و باسی ناکرێت، تراژیدی ئینسانییە، لێرەدا ئیشارەت بەهەندێک بە نهێنیەکان و شاراوەکانی هەلومەرجی غەیرە ئینسانی ئەو شارە دەدەین.

### موسڵ و جەنگی مردووەکان :

شاری موسڵ و هەندێ لەشارەکانی دەوروبەری چ لەسەرەتای دەسەڵاتی داعشدا کە سیمای مەدەنیەتی کۆمەڵگەیان پێوە نەما وە بەدەیان قەبری بەکۆمەڵ لەخەڵکی موسڵ لە ژن و منداڵ و پیریان ئەنجامداو کۆیلەتی جنسیان سەپاند، ئەوا لە جەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا، ئەو شارە بەتەواوی کاولکراو ئێستا هیچ سیمای کۆمەڵگەی و شارێکی پێوە دیار نەماوەو بەشاری کەلاوەو جەنگی مردووەکان ناو دەبرێت، کەبە هەزاران لاشە هێشتا لەژێر داروپەردوی خانوو باڵەخانەی داڕماو و باخچەو ناو ماڵەکاندایە کە بە تۆپبارانی هەوایی و زەمینی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی روویداوە، کە خەڵکەکە وەرس بوون لەبۆنی لاشەی مردوو لەدەوروبەریان و رۆژانە لاشەی چەند نەفەر و بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوەو خەڵک سەرەڕای نەبوونی ئاو و



کارەبا ترسی جۆرەها نەخۆشیان هەیە بەهۆی لاشەی مردوو و بۆنی زۆری لاشەکانەوە. هەندێ لەو کەسانەی گیانیان دەربازکردوە لەو شارەداو شایەت حاڵن باسی ئەوە دەکەن زۆرێک لە ناو ماڵ و باخی حەوشەکانیاندا لاشەی کەسوکارو مردوەکانیان لەترسی تۆپباران ناشتوەو کراون بەژێر کەمێک خۆڵەوە. کەسێک باسی ئەوە دەکات کە خۆی بەدەستی خۆی ٥٠ تا ٦٠ لاشەی بەکۆمەڵی لەوکاتەدا کردووە بەژێر گڵێکی کەمەوەو ئێستا بۆنی ئەو مردوانە گەڕەکی هەراسان کردوە و شوێنی ژیان نەماوە بۆ خەڵکەکەی. یەکێکی تر لەو کەسانەی لەرێکخراوەکان کە کار بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی لاشەی مردوەکان دەکات، دەڵێت تەنها تا ناوەڕاستی مانگی جەنیوەری ٢٥٨٥ لاشەیان دەرهێناوە، بەڵام سەدان لاشەی مردوی لەبەرئەوەی لەقوڵایی ژێر دارو پەردوی خانووە روخاوەکاندان یان لەترسی زۆری چەک و تەقەمەنیەک کە هی داعش بوون و ماونەتەوەو زۆرێکی بۆ تەقاندنەوە دانراون ناتوانن لاشەکان دەربهێنن. حکومەتی عێراقیش گوێ بە بۆن و کاریگەرییە زیانبارەکانی ئەو لاشانە نادات، کەبوەتە خەتەرێکی گەورە لەسەر خەڵکی. دەسەڵات هێندەی بەدوای داسەپاندنی دەسەڵات و کاری ئەمنیەوەیەن، چارەکی ئەوە بەشوێن وەڵامدانەوەو چاکردنی سەختی ژیانی خەڵکی شاری موسڵەوە نین..

زۆرێک لەماڵەکان بۆ پاکردنەوەی ماڵ و گەڕەکەکانیان لەمردوەکان بەناچار مردوەکان ناسراو بن یان نا دەسوتێن لەترسی بۆن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پیسبوونی ئاو و هەوای ناوچەکەیان. هەروەها دەنگۆی ئەوە هەیە بەکۆی گشتی دەیان هەزار لە ژن و منداڵ و پیر دیار نین... بەپێی هەواڵی جیاواز لەپرۆسەی ئازادی موسڵدا لەماوەی ٩ مانگدا تائکید لە کوژرانی ١١ هەزار کەس دەکرێتەوە، بەڵام هەواڵەکان شتی جیاوازو زیاتر تاکید دەکەنەوە، ئەوە جیا لەوەی لە ریزی ملیۆنی ئاوارە بەهەمان شێوە زۆرێک لەکەمپی جۆراوجۆری پڕ کردووە کەچاوەڕێی خێرو خێرات و دەستی رێکخراوە خێرخوازیەکانی جیهان دەکەن.

### موسڵ شارێکی وێرانە:

سەرەڕای ئەوەی موسڵ بۆتە شاری مردووەکان و جەنگ بۆ دۆزینەوەی مردووەکان لەو شارەدا بەردەوامە. ترسی نەخۆشی بەربڵاو دەکرێت بەهۆی لاشەیەکی زۆری ژێر زەوی، قسە لەوە دەکرێت کە بۆ ئەوەی شار پاک بکرێتەوە لە چەک و تەقەمەنی ترسناکی ژێر خاک و خۆڵی باڵەخانەو ماڵ و شوێنە حکومیەکان ئەوە چەندین ساڵی دەوێت بۆ پاکرنەوەی، ئەمەش ترسێکی زۆری هەیە. بەپێی قسەوباسی رێکخراوی کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی، بە هەزاران تەن لەو چەک و تەقەمەنیانە کە لەسەردەمی داعشەوە کە زۆرێکی بۆ کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە ئامادەکراوە لە مەخزنەکاندا ماونەتەوە. بەپێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لابردن و پاکردنەوەی ئەو شارە لە تەقەمەنی پێویستی بە زیاتر لە ١٠ ساڵ هەیە کە پسپۆڕێکی هەڵگرتنەوەی ئەڵغام سەر بە UN لە ١٤/٢/٢٠١٨ دا دەڵێت ئەو تەقەمەنیانەی کە هێشتا لەموسڵدا هەن و نەتەقاونەتەوە شارەکەیان داگیر کردووە کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوەو یەک ملیۆن کەس لەو شارەدا دەکەونە بەر خەتەری ئەو چەکانە.

بێرد لودهامر مدیری کاروباری ئەڵغامە لە UN دەڵێت سێ بەشی ئەو تەقەمەنیانە لەژێر داروپەردوی روخاودان. لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە جنێف ئیشارەی بەوەدا کە پاکردنەوەی رۆژئاوای موسڵ زیاتر لە دەیەیەک دەخایەنێت. هەروەها دەوترێت ئەو شارە پێویستی بە ٤٠ هەزار خانوو هەیە کە دروست بکرێتەوە.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی منداڵان – یونسێف ئەو هەلومەرجە وایکردووە کە ٧٥٠ هەزار منداڵ بێ بەهرەن لە خزمەتگوزاری تەندروستی. ئەم رێکخراوە لە ٦ فێبریوەری ٢٠١٨ دا لە بەیانێکی رۆژنامەگەریدا رایگەیاند ئەو ژمارەیە لەمنداڵان لەموسڵ و دەوروبەریدا بێبەشن لە خزمەتگوزاری و پێداویستی تەندروستی و ترسی زۆر لەنەخۆشی هەیە بەهۆی پیسبوونی ژینگەو ئاو و ئاوەڕۆوە.

نوێنەری یونسێف لەعێراق بیتەر هوکینز دەڵێت، ناوەندە تەندروستییەکان لە ٢٠١٤ وە تاکو کۆتایی شەڕی موسڵ لەبەردەم هێرشدا بوون و نزیکەی ٦٠ بنکەی تەندروستی کاولبوون؛ ئەمەش خەڵکی ئەو ناوچەیەو بەتایبەتی منداڵان و ژنان و بە تایبەتی ژنی حامیلەی لەبەردەم خەتەردا داناوە و ئێستا ئەو شارە لەبەردەم کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی و داو و دەرماندایە، وە باس لەوە دەکات ئەوەی لەنەخۆشخانەکانی موسڵ بینویەتی زۆر جێگای نیگەرانییە.

### پێشێلکاری مافی مرۆڤ بەردەوامە لەموسڵدا

هەروەک چۆن پێشێلکاریەکان بەرامبەر...

# شۆڕشی ژنانی سەر شەقام ناسراو بە شۆڕشی ژنانە

نووسینی: هەتاو عەبدوڵڵاهی



بزوتنەوەی ژنانی ئێران بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەیە، کە لە هەموو بارودۆخێکدا بۆ بەدەستهێنانی مافی ئینسانی ژنان هەوڵیداوە و بۆ دەستەبەری ماف و ئازادی ئەو رەگەزەی کۆمەڵگە بەشێک لە کەند و کۆسپەکانی بڕیووە.. هەروەها هەردەم لە هەولی ئەوە دا بووە پێگەی ژێر دەستەیی ژن و کویلەیی و بێمافیان کە سیستمی دەسەلاتدار بە سەریدا سەپاندوون بگۆڕێ. بزوتنەوەیەک کە لەلایەن ژنان و پیاوانی نارازی بە بارودۆخی ئێران دامەزراوە و ئەکتیڤە دژ بەو بێعەدالەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری رژیمی ئیسلامی بە دژی ژنان رەوا دەکرێ و تەنانەت لەڕێگای ئەحکام و یاسای ئیسلامی لەو سیستمەدا نیهادینە کراوە، بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز کە هەردەم روو لە گەشەکردنەو هەموو حاکمیەتی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی خستۆتە ژێر پرسیارەوە و رۆژ لە دوای رۆژ پایەکانی ئەو حکومەتە لەرزۆکتر دەکات. بزوتنەوەی ژنان و هەوڵدان و چالاکی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی هۆشیاری چینایەتی کۆمەڵگە دەستی پێکردووە و هەتا ئەمرۆکەش هەر بەردەوامە و لە خەباتێکی بێ پسانەوە دایە. هەڵبەت نابێ ئەوەش پشت گوێی بخرێ کە بابەتی نارێکخراوبوونی بزوتنەوەی ژنان لە ئێران هەڵدەگرێ بە مێتۆدی پرۆفیشناڵ رەخنەی لیبراوانەی ئاراستە بکرێ. ژنان لە ژێر سێبەری حاکمیەتی دژە ژن و ئیسلامی ئێراندا، بەردەوام یەکەمین قوربانیانی کار، شەڕ، تالان، ناسیۆنالیزمی باڵادەست، توندوتیژیی عەشیرەیی و ئایینی بوون و چەوسێندراونەتەوە، کە ئەمە سێ جۆر لەخۆ دەگرێ. یەکەم وەکو و قوربانی سیستمی سەرمایەداری ئێران کە لە دوو ئەبزاری مەترسیداری ئایین و پیاوسالاری بۆ چاوساندنەوەی ئەو رەگەزەی کۆمەڵگە کەڵک وەردەگرێ، دووهەم وەکو و کرێکارێک کە لەژێر گوشاری خاوەنکار و سەرمایەدا دەچەوسێنەوە، سێهەم وەکوو ژنێک کە موڵکی سەرەکی پیاوە و لەژێر رکێف و خواستەکانی باوکو برا و هاوسەر و و خێزان و هتد... هەموو جۆرە تاوانێکیان بە دژی ڕەوا دەکرێ ...

لە وڵاتی ئێران ژنان پاش سەدەیەک خەبات و تێکۆشان تا بە ئێستاش لەلایەن دەسەڵاتەوە وەکو مرۆڤ سەیریان ناکرێ و دانیان پێ داناندرێ، ژنان لە بارودۆخی هەنووکەییدا لە سەرەتاییترین مافەکانیان لەوانە، مافی جیابوونەوە و مافی سەرپەرشتی منداڵ بێ بەشن. هەروەها ئەوان رێگەیان پێ نادرێ بە بێ رەزامەندیی هاوسەر وڵات بەجێ بهێڵن و سەفەر بکەن. لە مێژووی ئێراندا، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان بنەمای دەسەڵاتی خۆیان لەسەر چەوساندنەوەی لەشی ژنان دامەزراندووە. لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی رەزا شای پەهلەوی لە ژێر ناوی "بە رۆژئاوای کردنی" کۆمەڵگە، ژنان حیجابیان بە زۆر پێ وەلادەنرا، دواتر دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و بە لارێدابردنی شۆڕش لەلایەن گروپێک تاقمی توندرەو و ئیسلامی بۆ "بە ئیسلامیکردنی" کۆمەڵگە دیسان ژنان حیجابیان بە زبر و زەنگ پێ لەبەرکرایەوە و پۆششی ئیسلامی و دانانی ئەخلاقیاتی ئیسلامی دیاری رژیمی ئێران بوو بۆ ژنانی ئەو وڵاتە. هاوکات لەگەڵ هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران بەرامبەر بە ژنان، تاکی پیاویش لە ناو کۆمەڵگە دەسەڵات و هێژمۆنی خۆی لەرێگای کۆنترۆڵکردنی ژنەوە دەسەلمێنێ و پێوەری دەسەڵاتی پیاو لەرێگای ئاستی کۆنترۆڵی ئەوەوە بەسەر ژنان پێوانە دەکرێ. سەرەرای ئەو بارودۆخە نالەبارە ژنانی ئێرانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئیرادەیان بەهێزتر دەبێت لەبەرامبەر توندوتیژی و سەرکوتەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێراندا. هەر وەک دەبینین لە بارودۆخی هەنووکەییدا ژنان بە لابردنی سەرپۆشەکانیان دژی یاسا دژی ژنەکانی ئێران دەوەستنەوە. هەروەک لە زۆربەی میدیا و راگەیاندنە نێو نەتەوەییەکان بینراوە و دەنگی داوەتەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوودا، ژنێکی ئێرانی بەناوی ڤیدا موەحد لە شەقامی ئینقلابی تاران سەر پۆشکەی لابرد و وەک ئاڵایەک بە دەستییەوە گرت، ڤیدا موەحد دەستگیرکرا، بەڵام کارەکەی بوو بە دەستپێکی جووڵانەوەیەکی نوێ لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی ژنانی ئێران لە دژی سەرپۆشی زۆرەملێ کە حکومەتی ئیسلامی لە رێگای یاسا و رێسای دژە ژن بە سەریدا سەپاندوون. پاش ڤیدا موەحد، ڕۆژ نییە کە ژنانی ئێرانی لە شەقامی ئینقلاب و شەقامەکانی دیکەی تاران و شارەکانی تری ئێران نەوەستن و سەرپۆشەکانیان لانەبەن، حکومەتی ئێرانیش بەردەوامە لە دژایەتیکردنی ژنان و دەستگیرکردنیان. هەنووکە کۆماری ئیسلامی ئێران گەیشتووەتە ئاستێک، کە لەنزیک زۆربەی پۆستە کارەباکان پۆلیسی جێگرکردووە و ئەو هێزە سەرکوتگەرەی دەسەڵات بەشەو و ڕۆژ چاودێری ئەو شوێنانە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە، ترس لە ژنان حکومەتی ئێرانی هێناوەتە ئاستێک، کە دەستیکردووە بە دروستکردنی لێواری تیژ بۆسەر پۆستە کارەباییەکان، بۆئەوەی ژنانی ئێرانی نەتوانن لە سەری بوەستن و سەرپۆشەکانیان لاببەن، بەڵام وەک لە وێنەکەدا دەبیندرێت ژنان لەگەڵ ئەوەشدا سەکۆیان بۆ خۆیان لەسەر لێوارە تیژەکاندا دروستکردووە و دیسانەوە دەچنە سەر پۆستەکان و سەرپۆشەکانیان لادەبەن. کۆماری ئیسلامی زراوی لە هێز و بەرخۆدانی ژنان لە ئێران چووە و ئەو هێزەی کە سالەهایە هەوڵ بۆ پاشەکشە و پاسیڤبوونی دەدا بۆتە مەترسیەکی جیدی بۆسەر سیستم و دەسەڵاتەکەی. هەنووکە شۆڕشی ژنانە و لابردنی سەرپۆشەکان کە باس لە پچڕانی کۆتووبەند و کۆیلەیی دەکات، بۆتە سەردێڕی هەموو ڕۆژنامەکان و بەرپرسانی ئێران و هەموو هێزە سەرکوتگەرەکانی ناچار کردووە کە لە بیری رێگەچارەدا بن بۆئەوەی پێش بەو شۆڕشە بگرن، بەڵام هەر وەک دەبینین ژنان رۆژ لەگەڵ ڕۆژ سەرەرای گرتن و بڕین و سەپاندنی حوکم و سزای ئیسلامی سوورتر لە جاران بەو شۆڕشە دەیانەوێ هەموو حاکمیەتی دژە مرۆڤ و ئیسلامی ئێران بخەنە ژێر پرسیاراوە و نا بلێن بە کۆیلەیی و بێمافیان کە سالەهایە ئەو سیستمەو دەسەڵاتدارانی بە ئاشکراو لەلایەن یاسا و رێسای دژە ژنی ئیسلامی بە سەریدا سەپاندوون. ئێستاکە لەر بارودۆخە دا دەبێ بزوتنەوەی ژنانی چەپ و کرێکار لە ئێران بگەنە ئاراستە کردنی خەباتێکی یەکگرتوو و گشتگیر، خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی چینایەتی، بەشداریکردن لە پرۆسەی ئابووری و سیاسی، بەربەرەکانێ لەگەڵ نیزامی نەریت و لۆکالّی پیاوسالاری، خەباتکردن بۆ چەسپاندنی یاسای مرۆڤ تەوەرانە، هەوڵدان بۆ بەکار هێنانی مافەکانی مرۆڤ و چەندین بابەتی تر کە دەتوانن خالّی هاوبەشی خەباتی بزوتنەوەی ژنان بن و هەم دەتوانێ رێکخراوەیی و یەکریزیان پتەوتر بکا و هەمدیس ئەم بەستێنانە دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی بزاڤی ژنان و بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێتر کاریگەریی بەرچاویان هەبێت. بۆیە پێویستە بزوتنەوەی ژنانی چەپ بە لیبراوەییەکی زیاترەوە ئاوڕ... لەپرسی رێکخراوبوونی هەمەلایەنە بداتەوە و لەسەر خالّە هاوبەشەکانی خەباتی گرێدراو بەیەکەوە پێداگری بەرفراوانتر بکاتەوە و بزوتنەوەی ژنان بە هەموو لق و پۆپ و رەنگێکەوە دەبێ بەو راستیە بگات کە تەنیا رێگەچارەی نەمانی ستەمی رەگەزی و دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی بەرابەرو یەکسان بەبێ هەڵاواردن و نەمانی مەودای چینایەتی و سەربەخۆیی ئابووری ژنانەو، ئەوە گەرەنتی بەرەوپێشجوونی بزوتنەوەی ژنان و گەیشتن بە مافەکانیانە. هەروەها ژنان دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بۆ نەمان و رووخانی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی بخەنە گەڕ، چونکە ئازادیی ژنان و هەموو تاکەکان لە ئێران بەندە بە نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

بەخەڵکی مەدەنی لەموسڵدا لەلایەن داعشەوە بەوپەری نائینسانیانە لەکوشتارو دەستبڕین و کۆیلەی جنسی و فرۆشتنی ژنان و بەکارهێنانی منداڵان بۆ کوشتار وخۆتەقاندنەوە ئەنجامدەدرا، ئێستاش بەجۆرێکی تر ئەو کارنامەیە لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە دەڕواتە پێشەوە، بەپێی راپۆرتەکانی یەکێک لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ Human Rights Watch پێشێلکاریەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو درێژەی هەیە.

لە موسڵدا بەکردەوە هیچ دەسەڵاتێکی حکومی!! نییە، ئەوەی هەیە دەسەڵاتی رەشی حەشدی شەعبییە. خەڵک بەدەست دەیان دەردو کویرەوەرییەوە دەناڵێنن... بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری ئاو و کارەباو رێگاوبان و دەست نەبردنی خێرا بۆ پاکردنەوەی ئەوە شارە و لابردنی مردووەکان، ژیانی خەڵکی لە کارەساتدا راگرتووە، حوکمی زیندان و کوشتن بەبێ یاساو راگواستنی خەڵکانێک کەکەسوکاریان داعش یان هاوکاری داعش بوون، بێداد دەکات.

**نارەزایەتی و خۆپیشاندان لەموسڵدا**

نارەزایەتیەکی زۆری دانیشتوان و کەسانێک کەتازە دەگەڕێنەوە لەئێستادا لەشاری موسڵدان هەیە، بەدژی نەبوونی خزمەتگوزاری و بێکاری و ترسی فەزای نەخۆشی و بۆنی مردوو کاروکردوەی نائینسانیانەی حەشدی شەعبی... بەجیا لەوانەش خۆپیشاندانی کرێکارانێک کەبەعەقد کاردەکەن لە دائیرەی تەندروستی موسڵ لە ٤/٢/٢٠١٨ دا بۆ دانی موچەکانیان لەو ماوانەی پێشوداو داوادەکەن بخرێنە سەر میلاکی وەزارەتی تەندروستی، وە نارەزایەتی بە نەدانی موچەی کارمەندێکی زۆر بەبیانوی جۆراوجۆری نەبوونی لیست و مەسەلەی ئەمنی. بەڵام دەسەڵات لەبری وەڵامدانەوە بەخواستەکانیان خەریکی پیاچوونەوەی ناوەکان و خەڵکەکەیە تا بزانێت کێ سەر بەداعش بووە.

**دزی و گەندەڵکاری لە کار بۆ پاکردنەوەی موسڵ:**

ئەگەرچی دیار نییە کە بڕێکی گونجاو و پێویست تەرخان کرابێت بۆ پاکردنەوەو... بیناکردنەوەی ئەو شارە، بەڵام هەروەک هەلومەرجی عێراقی ژێر دەستی میلیشیا شیعەکان و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی، کە بەجیا لەگەندەڵکاری و دزی و کاری مافیایی، لەموسڵیش هەمان شت حزبە میلیشیاکان خۆیان ئامادە دەکەن لەرێگای سەرمایەدارو کۆمپانیاکانی سەر بەخۆیانەوە بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژانەی موسڵ وەرگرن و بەئارەزوی خۆیان گەندەڵکاری و دزی تێدا بکەن هەروەک ئەوەی تا ئێستا لە عێراق و کوردستاندا بەڕێوە چووە. بەڵێنێکی نێو دەوڵەتی کەپێش هێرشی سەر موسڵ دابوویان، لە کۆنگری یارمەتی بۆ چاکسازی عێراق کە لەم مانگەدا لە کوێت بەسترا و ماوەی ٣ رۆژی خایاند پاشەکشەی زۆری پێوە دیاربوو کە پێشتر بڕیاری ٨٨ ملیار دۆلاریان دابوو، بەڵام توانرا تەنها ٣٠ ملیار کۆبکرێتەوە کە دەکاتە لەسەدا ٣٧ی ئەو بڕە، ئەمەش نەک بەشی موسڵ ناکات و نایدەنە موسڵ، بەڵکو خەڵکی عێراق ئەبێت بۆ بیناکردنەوەی عێراق هەر لەچاوەڕوانیدا بن.

ئەمانەی لێرەدا باسکران درێژەی تراژیدیایەکی ئینسانییە لەشاری موسڵداو گۆشەیەکی بچوکە لەو مەرگەساتەی کەخەڵکەکەی لە ٢٠١٤ وە بەدەستیەوە دەناڵێنێت وە ئایندەیەکی رۆشنێش نابینرێ. رێگا چارەی خەڵکی عێراق و کوردستان بەموسڵیشەوە وشیاری و رێکخراوبوونی سۆشیالیستیانەی خەڵکە و خۆ جیاکردنەوەیە لەسیاسەت و بەرنامەی ئەحزابی قەومی ئیسلامی.

# لەشفرۆشی بەرهەمی سیستەمی چەوسێنەرە

نووسینی: عبدالرحمن رسول

لەشفرۆشی لەسەدەکانی کۆیلایەتی و دواتر قۆناغەکانی دەرەبەگایەتی لەناو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتییدا هەبووە لەئەنجامی هەبوونی سیستەمێکی بێ ڕەحمی چەوسێنەردا لەکاتێکدا نابەرابەری وهەژاری وچەوسانەوە وئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤەکان بەپێی یاساکانی سیستەمی حکومڕانی ڕێگای پێدراوە لەژێر ئەوسیستەمە چەوسێنەرەدا ژنان گیرۆدەی چەند جۆرێک لە چەوساندنەوە بوون لەلایەک بەدەست سیستەمی حکومڕانی کە وەکو مرۆڤ سەیریان نەدەکرا و بەپلە دوو دادەندران، لەهەمان کاتدا لەلایەن پیاوانیشەوە وێڕای کارکردنی زۆرەملێ پێیان لەهەمان کاتدا ئازارو ئەشکەنجەو بەزۆریش بەشو دەدران، کچانی منداڵ بەزۆر هاوسەرگیریان پێدەکرا. بەچەند ژنە دەبوونە موڵکی پیاوێک یان لەبازاڕەکاندا هەر وەکو کاڵاکان دەکرڕدران ودەفرۆشران بەم جۆرە چەوسانەوەو ئازاردانی ژنان بەپێی یاسا جێبەجێ دەکراو سەرجەم ئایینەکانیش لەڕێگەی بیروباوەڕو نوسراوەکانیانەوە نەک بێ دەنگ بوون لەئاست چەوسانەوەی ژنان، بەڵکو ڕێنمایی وئامۆژگاری زیاتریان بڵاودەکردەوە بۆملکەچ کردن وچەوسانەوەو کۆیلەکردنی ژنان. چەندین ژنیان بۆ پیاوێک حەڵاڵ دەکرد. هەربۆیەش زۆرترین لەپیاوانی بەرپرسی ئایینی لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا چەندین ژنیان هەبووە هەروەها چەندەها خزمەتکاری ژن وجاری یەیان هەبووە کە هەروەک ژنی خۆیان جنسییان لەگەڵ کردوون، بەڵام بێ بەشیان کردوون لەمافی هاوسەرێتی.

لەشفرۆشی بەچەند جۆر هەبووە لەوانە ژنان وکچانی جوان بەزۆر بەبێ ویستی خۆیان هەندێ جار بەبێ ویستی باوک وبراش هاوسەرگیریان لەگەڵ سەرۆک خێڵ وعەشیرەت و بەگ وئاغاکان پێ دەکرا. ئەمەش بەشێکە لەبازرگانیکردن بەئافرەتەوە ئەژماردەکرێت لەبەرئەوەی بەپارە دەفرۆشران بەبەگ وئاغاکان. یان فرۆشتنی کچ بۆهاوسەرگیری کەزۆرجار بەبێ خواست وئارەزوویی کچەکە بووە بەزۆر بەشوویانداوە.

لەسەردەمی سەرمایەداریشدا بەهۆی بەردەوام بوونی سیستەمی چەوسانەوەو نابەرابەری وگەشەدان بە بازاڕی ئازاد ژنان گیرۆدەی چەوسانەوەو ئازاردانن، لەژێر یاساکانی زاڵمانەی سەرمایەداری‌دا مرۆڤەکان هەروەک کاڵاکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. هەربۆیە کۆکردنەوەی زۆرترین پارەو سامان لەدەست کەمینەدا یە کەپارێزەری یاساکانی سیستەمی سەرمایەدارین و وەکو یاسایەکی زاڵمانە جێبەجێ دەکرێت، بەهۆی هەبوونی ناداد پەروەری ونەبوونی عەدالەتەوە لەدابەشکردنی سامان وداهاتی گشتی زۆری کۆمەڵگە، بەمەش زۆرینەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو زیاتر هەژاری ونەداری وبێکاری و ئاوارەیی مل دەنێن کاتێکیش هیچ ڕێگرێک نەبێت لەچەوسانەوەو نابەرابەری وهەژاری، یاساکانی دەسەڵات وبیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی ئایینەکان ڕێگەخۆشکەربێت بۆزیاتر گەشەدان بەهەژاری وبێکاری ونەداری، لەئەنجامدا مرۆڤەکان بێبەهاو بێ نرخ دەبن، مرۆڤەکان وەکو کاڵاکان لەژێرناوی جیاوازدا بەپێی شەرعی ئایینەکان ویاساکانی زاڵمانەی سەرمایەداری دەچەوسێنەوەو کرێن و فرۆشتنیان پێدەکرێت. لەزۆر شوێن وکۆمەڵگەدا مرۆڤەکان لەبەر هەژاری بەشێک لەجەستەیان دەفرۆشن وەکو گورچیلەو بەشەکانی تری لەش، لەشفرۆشیش بەهەمان شێوەیە.

لەناو ئایینی ئیسلامدا ڕێگەی بەهەبوونی میسیاری داوە، هاوسەرگیری میسیار، وەک هاوسەرگیرییەکی ئاسایی، بە شایەتی کەسی بووک و کەسی زاوا و مارەکردنێک لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام بنیاد دەنرێت. ئەوەی جیای دەکاتەوە، پیاو و ژنەکە لە زۆرێک لەمافەکانی خۆیان خۆش دەبن، لەوانە پێکەوە ژیان و خەرجیکردن و زۆر بابەتی دی، واتە هەریەکەیان لەماڵی باوکی خۆی دەبێ، کەی ویستیان یەک ببینن بۆ پێوەندی سۆزداری یان بۆ هەر هۆیەکی دی، هەرجارە لە ماڵی یەکێکیان کۆ دەبنەوە بۆ ئەنجامدانی سێکس کردن. هەروەها پیاو دەتوانێت لەکاتی سەفەردا بۆ وڵاتێک هاوسەرگیری کاتی بکات بۆماوەی سێ ڕۆژ یان هەفتەیە و یاخود زیاتر تەنها مەرج ئەوەیە مەلایەک مارەیی ببڕێت وخەرجی مەسرەفی ڕۆژانە لەئەستۆی پیاودایە. ئەمە چ جیاوازی هەیە لەگەڵ لەشفرۆشی؟! هیچ جیاوازێکی نی‌یە تەنها ئەوەندە نەبێت مەلا مارەی دەکات وبڕێک پارە وەردەگرێت. هەردووبەش بازرگانی کردنە بەجەستەی ئافرەتەوە. ئەمەش پێچەوانەیە بەبەهاو مافە مرۆڤایەتی‌یەکان لەبەرئەوەی هەروەک کارڵ مارکس گوتویەتی (مرۆڤ گرینگترین سەرمایەیە) ناکرێت کڕین وفرۆشتن بەئەندامانی جەستەیەوە بکرێت یاخود ناچار بکرێت بەزۆرەملێ بۆفرۆشتنی جەستەی. مرۆڤەکان بەوەوە جوانن کەناچاری بە چەوسانەوە وئەشکەنجە و ئازار و کۆیلایەتی ولەشفرۆشی و سوکایەتی نەکرێن لەبەرامبەردا گەشە بەئازادی وڕیفاهیەت وخۆشگوزەرانیان بدرێت بەبێ جیاوازی ڕەنگ ونەتەوە وئایین وبیروباوەڕ وفکرو فەلسەفە وکەلتورو فەرهەنگی جیاواز ئەمە مانیڤێستی مرۆڤایەتییە.

لەپاش ٢٧ ساڵ لە سیستەمی دەسەڵاتی کوردی و حیزبایەتی لە باشوری کوردستاندا لەناو فەرمانگەی بینای قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر گرتە ڤیدۆییەک تۆمار دەکرێت لە کۆتایی مانگی ٢ی ٢٠١٨پاشان ڤیدۆیەکە بڵاودەکرێتەوە کەڕاستەوخۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە وسوکایەتیکردنە بەمرۆڤەکان و ئازاردان وئەشکەنجەدانێکی بەهێزی دەروونییە بۆ ژنان ومناڵان وگەنجان کە لەو گرتە ڤیدۆیەدا نیشان دەدرێن. بێ لێکۆڵینەوەو لە ڤیدۆییەکەدا تاوانبار دەکرێن بەلەشفرۆشی. یەکێک بەتوڕەیی پرسیاریان لێ دەکات دەڵێت خۆتان بناسێنن ناوت چییەو خەڵکی کوێی؟ پاشان لەپیاوەکان دەپرسێت بۆچی هاتوویت و چەندت پارە داوە؟! لەژێرفشارو هەڕەشەدا، بەترسی زۆرەوە وەڵام دەدەنەوە.

پێویستە ئەوە بزانین ئەوچەند کەسە بەژن و پیاوەکانەوە ژیانیان لەمەترسی دایە پاراستنی گیانی هەموویان لەئەستۆی پۆلیس وئاسایشی باشووری کوردستاندایە، ئەم کۆمەڵە قوربانیە ژیانیان لە مەترسیدایە، هەموو سەرنج و ئاماژەکان بۆئەوە دەچن ئەوکەسەی ڤیدیۆکەی گرتووە سەر بە فەرمانگەی ئاسایش یاخود پۆلیس بێت. بەهیچ شێوەیەک ناکرێت ئەم ڕووداوە بەئاسایی سەیربکرێت، پێویستە سەرجەم ئەوانەی داکۆکی لەمافەکانی ژنان ومناڵان دەکەن بەهانای ئەو ژن ومناڵانەوە بچن، ڕێکخراوەو ناوەندەکان وسەنتەرەکانی تایبەتمەند بەبەرگریکردن لەمافەکانی ژنان وسەرجەم مرۆڤە ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان بەهانای ئەوکۆمەڵە ژن ومناڵانەوە بچن کە بەدڵنیاییەوە ژیانی هەریەکەیان لەمەترسیدایە.

لەقۆناغی ئێستای سەرمایەدارییدا بەهۆی زیادبوونی هەژاری وبێکاری و ناوشیاری لەشفرۆشی پەرەی سەندووە، وە ئەم نیزامە دەستی دەیان باندی کردۆتەوە بۆ بازرگانی کردن بە جەستەی ژنانەوەو سکسی فرۆشی کراوەتە پیشە... یان خودی دام و دەزگان لەچەندین دەوڵەتی سەرمایەداری دا لەشفرۆشی کراوەتە پیشەیەکی فەرمی و بەتاوان داناندرێت، بەڵام پێویستە وەک ئەرکێکی مرۆڤایەتی لەپێناوی نەهێشتنی چەوسانەوە دەبێت تێکۆشان بکەین بۆکۆتایی هێنانی لەشفرۆشی، بۆئەمەش پێویست دەکات سەرچاوەکان وهۆکارەکانی هەبوونی لەشفرۆشی بدۆزینەوە لەڕوانگەیەکی مرۆڤایەتییەوە چارەسەری کێشەو هۆکارەکانی لەشفرۆشی بکرێت و کۆتایی بەلەشفرۆشی بهێندرێت، نەک لەژێر ناوی جیاوازەوە شەرعیەتی دینی ویاسایی پێبدرێتەوە، ئەبێت ئەوە بزانین هیچ لەشفرۆشێک تاوانبار نییە هەتا وەک تاوانبار مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو سەرجەمیان قوربانی یاساکان وسیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری سەردەمە کە ژنان ناچار بەم کارە دەکات.

لەژێر سایەی سیستەمی کۆنەپەرستانەو چەوسێنەرانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئیسلامی عێراقدا کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان کراوەتە جەهەنەمێک بۆ سەرجەم مرۆڤەکان، بەردەوام هاتنەکایەوەی شەڕو ئاوارەیی و گەشەی بێکاری وهەژاری و لەدەستدانی هاوسەرو باوک وبرا لەشەڕەکاندا یان خنکانیان لەدەریاکانی ڕێگای کۆچی هەندەران و گرفتار بوون بەچەندین کێشەو قەیرانی تری وەک بێ خانەو لانەیی و نەبوونی هەلی کارو نەبوونی بیمەی بێکاری وکۆمەڵایەتی ونەبونی بیمەی تەندروستی. بەکوردی و بەکورتی ئەم جۆرە سیستەمە دینی وقەومی‌یە لە کوردستان و لەعێراق بۆتە بەڵایەک بەسەرشانی تەواوی خەڵکی عێراق و کوردستاندا کەبۆتە هۆکارێکی ئەساسی و بنەڕەتی بۆ ژنان وکچان کە بەئاسانی ببنە نێچیری باندەکانی لەشفرۆشی. بڵاوکردنەوەی ئەوڤیدۆییە نموونەیەکی زۆر ئاشکرای ئەم دەسەڵات ملهوڕو حکومەتە چەوسێنەرە دەردەخات. هەبوونی لەشفرۆشی وسواڵکردن وهەژاری چەندەها دیاریدەو کێشەوقەیرانی تر کە بۆخەڵک سازکراوە دەرئەنجامی سیستەم ودەسەڵاتێکن کە ماوەی ٢٧ ساڵە تاڵانجێتی ودزی وگەندەڵی وفەسادی لەسەروەت وسامان و داهاتی زۆری ژێر زەوی وسەرزەوی خەڵکی باشووری کوردستان دەکەن، بەڵام ژیان وگوزەرانی خەڵک لەجەهەنەم ئاسا بەسەر دەبرێت. چەندین چیرۆکی دڵتەزێنی جۆراوجۆر ڕۆژانە دەبیستین لەتەلەفزیۆن وڕاگەیاندنەکان کە فڵان کەس لەفڵان شار وشارۆچکە لەبەر هەژاری وقەرزداری خۆی هەڵواسی وخۆی کوشت، یاخود پێشمەرگە لەبەرنەبوونی وهەژاری خۆی کوشت. ئەم چیرۆکانە پێویستە لەشوێنێک کۆتایی پێ بێت، ئیتر با بەس بێت. کاتی ئەوە هاتووە کەخەڵک یەکگرتوانە دەنگی نا بۆ چەوسانەوە وکۆیلایەتی ونابەرابەری بەرزبکاتەوە. ئەو کەسەی ئەوڤیدۆییەی گرتووەو بڵاوکردۆتەوە دەبێت داوابکرێت دادگایی بکرێت وبەسزایی یاسایی بگات. چارەنوسی پاراستنی سەلامەتی ژیانی ئەو ژنانە لەئەستۆی دەسەڵات وحکومەتی هەرێمی کوردستاندایە.

بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە ڤیدۆیانە کارێکی زۆر ناشیرینە، بەشێکە لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەگەر بمانەوێت کار بۆنەهێشتنی یاخود کەمکردنەوەی دیاردەی لەشفرۆشی بکەین لەباشووری کوردستان پێویستە کەڕاستگۆیانەو بێلایەنانە لێکۆڵینەوە لەهۆکاری هەبوونی لەشفرۆشی بکەین بۆمان دەردەکەوێت تاوانبار ئەوانە نین، بەڵکو هەموو ئەوانە تاوانبارن کە بەرگری لەوجۆرە سیستەمەی ئێستای عێراق وکوردستان دەکەن لەبەرئەوەی ئەوە سیستەمی ئێستای سیاسی دەسەڵاتداری کۆمەڵگەی عێراق وکوردستانە خەڵکی گیرۆدەی قەیران وکێشە وهەژاری وبێکاری وئاوارەیی کردووە، ئەو سیستەمە نابەرابەرو چەوسێنەرە کە سەرەڕای هەبوونی داهاتی زۆری نەوت وغازو پارە وبەرهەمی سەرزەوی وژێر زەوی عێراق وکوردستان، بەڵام بەردەوام گەندەڵی ودزی زیاد دەبێت، بە چەند مانگ جارێک موچە دەدرێت ونیوە موچە دەدرێت وخەڵک هەژار وبێکار دەکرێت. ئەگەر هەموومان دژی لەشفرۆشین پێویستە نەفرەت لەوجۆرە سیستەمە چەوسێنەرە بکەین نەک وێنەی ئافرەتان بڵاوبکەینەوە وسوکایەتی بەوان و بە تەواوی مرۆڤایەتی بکەین. ئەوانە پێش ئەوەی هەر شتێک بن مرۆڤن، مرۆڤیش ئەبێت مرۆڤایەتی بوونی بپارێزرێت. ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت هەموویان بەبێ خواست وئارەزویی خۆیان، لەژێر ناچاری وهەژاری و زۆرە ملیدا تووشی ئەو کارەبوون کەواتە بۆڕزگاربوونی ژنان لە لەشفرۆشی وڕزگاربوونی کۆمەڵگە لەکۆیلایەتی وهەژاری ونابەرابەری ودزی وگەندەڵی پێویست دەکات جۆری سیستەم و دەسەڵات بگۆڕین، بۆ ئەمەشیان خەبات و تێکۆشانی هاوبەش ویەکگرتوانەی خەڵکی باشووری کوردستانی پێویستە بۆئەوەی گۆڕانکاری لەجۆری سیستەم وجۆری دەسەڵات بکرێت، لەداهاتوودا سیستەم ودەسەڵاتی شورایی خەڵک بێت، نەک دەسەڵاتی حیزب وخێڵ وعەشیرەت بێت. لەسیستەم ودەوڵەتی شورایی خەڵکدا ئازادی ومافەکان بەبێ جیاوازی بۆ هەمووان دابین دەکرێت.

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس رەشید

**ڕاگەیاندنی مانگرتن لە کۆمپانیای شتراوس بۆ ئاوی خواردنەوە.**

**ئیسرائیل/ تەلئەبیب**

هستروت ڕایگەیاند کە کێشە هەیە لە کۆمپانیای ئاوی خواردنەوەی شتراوس. ئەم کۆمپانیایە لە لە بواری گەشەپێکردنی دەزگای سازدارکردنی ئاوی خواردنەوە کاردەکات، و بەرپرسە لە بەرهەمهێنان و خستنە بازاڕی دەزگاکانی ئاوی خواردنەوە کە ناسراوە بە" تامی٤"، نووسینگەکانی لە ناوچەی ئۆریەهودایە.


هستدروت ئەوەشی زیادکرد کە هۆکاری ڕاگەیاندنی مانگرتن، کێشەی نێوان کرێکارانی کۆمپانیاکەیە، کە ژمارەیان ٨٠٠ کرێکار دەبێت لەگەڵ ئیدارەی کۆمپانیاکە، کاتێک ئیدارە یەکلایەنە و بەبێ گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەرانی کرێکاران کە پێویستی دەکرد وابوایە. چونکە ئەو گۆڕانکاریانە بە شێوەیەکی خراپ بۆسەر کرێکاران کارکردی دەبێت. ئیدارەی کۆمپانیاکە کاری زیاتری خستۆتە سەر تەکنیشیانە گەڕۆکەکان، بەپێچەوانەی ڕێکەوتنیان، هەروەها یەکگرتنی گروپی ناوەندی خزمەتگوزاری، ئەمەش بوەتە هۆی کەڵەکەبوونی کاری زیاتر لەسەر فەرمانبەران و دەستنەکەوتنی مووچەی پێویست، چونکە ئەو مەرجانەی دایانناوە لە توانایاندا نییە لەوکاتە سنووردارەدا ئەنجامی بدەن لە ناوەندنی خزمەتگوزاریدا.

سەرۆکی لیژنەی کار لە کۆمپانیاکە" ئیلی باتا" دەربارەی مانگرتنەکە گوتی" لەماوەی ڕابردوودا لیژنەی کار ڕووبەڕووی جۆرە پەرچەکردارێک دەبنەوە لەلایەن ئیدارەی کۆمپانیاکەوە. زۆر جار هەوڵمانداوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی خستومانەتە بەردەمیان، بەڵام بێئەنجام بووە، و هەستمانکردوە کە دەستی دەستیمان پێدەکەن بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکانمان. لە ئێستادا ئیدارەی کۆمپانیا هەڵساوە بەگۆڕانکاری لەو ڕێکەوتنانەی کە هەمان بووە لە ڕابردوودا، و بەشێوەیەکی سلبی دەشکێتەوە سەر کرێکاران. ڕاگەیاندنی مانگرتن و کێشەی کار لە ئێستادا وەک هەنگاوی یەکەم دێت بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ئێستا".

**ئێران/ ئەهواز**

**خۆپشاندانی کرێکارانی پۆڵای ئەهواز بە شیعاری ئازادکردنی کرێکاری زیندانی کراو**

٣ی مارس سەدان کرێکاری کۆمەڵگەی نیشتیمانی پۆڵای ئەهواز



لەگەڵ خێزانەکانیان بۆ خۆپیشاندان ڕژانە سەر شەقامەکان، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر دەستگیرکردنی هاوڕێکانیان، و هێنانە دی داواکاریەکانیان. لەبەردەم بینای پارێزگا کۆبوونەوە و ئەم شیعارانەیان دەگوتەوە" ئازادکردنی کرێکاری بەندکراو" و" کرێکاری زیندانی پشتیوانتین"و" هێزە ئەمنیەکان گوێگرن، ئێمە کرێکارین ئۆباش نین" و" خۆڕاگر و مافی خۆمان دەستێنین"و" دزەکان ئازادن و کریکارانیش زیندانین".

ڕۆژی ١ی مارس هێزە ئەمنیەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ژمارەیەک لە کرێکارانی مانگرتووی پۆڵای ئەهواز و نزیکەی ١٠ کەسیان لێ دەستگیر کردن. پتر لە ٣٠٠ کرێکاری کۆمەڵگەی نیشتیمانی پۆڵا ماوەی ١١ ڕۆژە مانیانگرتووە و داوای مووچە و دەرماڵەی نەدراویان دەکەن کە ماوەی چەند مانگێکە وەیان نەگرتووە.

**مانگرتنی کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە یۆنان لە دژی نەخشەی لێبڕینەوە.**

**یۆنان/ ئەسینا**

کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر لە یۆنان ڕۆژی ٦/٣/٢٠١٨ دەستیان دایە مانگرتن بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لەدژی نەخشەی لێگرتنەوەی کۆمپانیای چاکردنەوە. تۆڕی هەواڵی(ئەی بی سی) ئەمەریکی ڕایگەیاند کە مانگرتنەکە دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی جوڵەی هێڵی شەمەندەفەر و وەستانی شەمەندەفەری نێوان شارەکان لەو ڕۆژەدا. لێگرتنەوە بە بەشێکی سەرەکی بەرنامەی کەمکردنەوەی مەسرەفەکان و چاکسازی بودجە دادەنرێت لە یۆنان، وە مەرجێکیشە بۆ وەرگرتنی قەرزەکانی یۆنان.

**دوای ٥ مانگ لە نارەزایەتی؛ کرێکارانی کۆمپانیای سیکۆم مووچەکانیان وەردەگرن**

**مەغریب/ ریبات**

دوای ٥ مانگ لە نارەزایەتی بەردەوام؛ بەرپرسانی کۆمپانیای "سیکۆم" ڕۆژی هەینی ٩/٣/٢٠١٨ مووچەی ٦٥٠ کرێکاری ئەو کۆمپانیایە دەدات. لەکاتێکدا بابەتی بەردەوامی کار و کردنەوەی یەکەی بەرهەمهێنان بۆ ماوەیەکی تر دواخرا.

لە ڕوونکردنەوەیەکی نوێنەری کرێکاران بۆ( الیوم السابع)دا " کرێکارانی کارگەی سیکۆم کرێی مانگی ئۆکتۆبەریان وەرگرت و چاوەڕوانی دوایین هەفتەی مانگی نۆڤەمبەر دەکەن. ئەوەشی ڕوونکردەوە کە کرێکارانی کۆمپانیای چنین مافەکانیان دەسگیرکردوە لە بارەگای یەکەی بەرهەمێنان، بەڵام داهاتوویان لەگەڵ کۆمپانیاکە دیاری نەکراوە، هەروەها گفتوگۆکان لەم بابەتە دواخراوە".



قسەکەرەکە هۆشداری ئەوەیدا کە نیگەرانی سەرەکی کرێکاران سەرەڕای کرێکانیان؛ نیگەرانی بەردەوامی کارەکانیانن لە کۆمپانیاکە، چونکە ماوەی ٥ مانگە نارەزایەتیەکان لە شەقامەکان بەردەوامن بۆ کردنەوەی یەکەی بەرهەمهێنان.

شایانی باسە کە دۆسیەی کۆمپانیای( سیکۆم_ لە مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردووەوە سەری هەڵداوە، کاتێک بەرپرسانی کۆمپانیاکە لە هەنگاوێکی لە ناکاودا بڕیاری ڕادەستکردنی کۆمپانیاکەیان بۆ لایەنی دووەم دەرکرد. کرێکاران ئەم هەنگاوەیان بە فێڵێک ناوبرد بۆ ئەوەی ٦٥٠ کرێکار بێکاربکەن، کە لەناویاندا کرێکار هەیە ٣٠ ساڵە لەو کۆمپانیایە کار دەکات.

**بەهۆی وەرنەگرتنی مووچەکانیان بۆ ماوەی ٤مانگ، کرێکارانی تورک لە سعودیە ماندەگرن.**

**عەرەباستانی سعودی/ ڕیاز**

کرێکارانی تورک لە سعودیە ٥/٣/٢٠١٨ دەستیاندایە مانگرتنێکی کراوە لەبەرامبەر نەدانی مووچەی ٤ مانگی رابردوو بەهۆی خراپی هەلومەرجی کارەوە. کرێکارانی کۆمپانیای( مابا) بۆ بیناسازی کە سەر بە گرووپی( ئێم ئێن جی) لە عەرەبستانی سعودیە دەستیاندایە مانگرتن بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان و خراپی هەلومەرجی کار. کۆمپانیای مابا سەرپەرشتی پرۆژەی جێنشینی جدە دەکات.

لەلایەن خۆیانەوە یەکێتی کرێکارانی بیناسازی لە تورکیا ڕاگەیاندنێکیان دەرکردوە، کە ئەو کرێکارانە کە لەپرۆژەی جدەی نیشتەجێکردن کاردەکەن خێزان و منداڵ و وڵاتیان جێهێشتوە بۆ کارکردن لە عەرەبستانی سعودی، لە هەلومەرجێکی نا ئینسانی کە شایان بە مرۆڤ نییە. لە شوێنێک کاردەکەن کە پلەی گەرما و هەتاو زۆر بەرز و بەهێزە، لەو کاتانەی ئەو کرێکارانە کار دەکەن، خەڵکی سعودی تەنانەت نایەنە دەرەوە لە ماڵەکانیان لەبەر گەرما و بەرزی پلەی گەرمی، چونکە توشی زۆر لە نەخۆشی دەبن. کرێکاران جەختیان لەوەکردەوە کە ئیدارە سەرەتاییترین مافیان لێ زەوت دەکات لە فەراهەمکردنی سەلامەتی شوێنی کار، سەرەڕای ئەوەش مووچەکانیان پێنادەن. بۆیە بڕیاریان داوە کە مانبگرن تا بەدەستهێنانی مافەکانیان.

**ڕاهیبەکانی ڤاتیکان بێدەنگی دەشکێنن و قسە لەسەر بێمافیەکانیان دەکەن لە کەنیسەکان.**

**ڤاتیکان**

کۆمەڵێک ڕاهیبەی نیشتەجێی ڤاتیکان بڕیاریاندا کە بێدەنگی بشکێنن لە بەرامبەر ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێتە سەریان لەناو کورستی پێغەمبەرایەتیدا. ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک شکاتکردنەوە کرا؛ کاتێک ڕۆژنامەی" دنیای کلێسای ژنان" گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ کردوون. بەجۆرێک خوشکە ماری کە ماوەی ٢٠ ساڵە هاتۆتە ڕۆما لە ئەفەریقاوە ئاوا باسی هەلومەرجی ناو ڤاتیکان دەکان" هەندێک لە خوشکانمان کە خزمەتی پیاوانی کلێسا دەکەن، بەرەبەیان هەڵدەستن لەخەو بۆ ئامادەکردنی نانی بەیانی و دوای پێشکەشکردنی جەمی شێوان دەچن بۆ خەوتن، ئەمەش دوای تەواوکردنی شۆردنی جلوبەرگەکان"

ئەوەشی زیادکرد" لەم جۆرە خزمەتکردنەدا، خوشکانمان خشتەیەکی کاتی ڕێک و پێکیان نابێت، وەک ئەوەی لە دنیای ئاسایی و عیلمانیدا هەیە. یان بوونی هیچ جۆرە پاداشێکی ماڵی یا مەعنەوی"، ئاماژەشی بەوە کرد کە زۆر دەگمەن بانگێشت دەکرێین بۆ خواردن لەگەڵ ئەوانەی کە خزمەتیان دەکەین.

ڕۆژنامەی" دنیای کلێسای ژنان" باس لە هەلومەرجی نالەباری ناوکلێسا دەکات، کە ڕەنگە ببێتە هۆی یاخی بوون لەناو ڕیزی ڕاهیبەکان. ڕۆژنامەکە ڕەخنەی لە شێوەی بەرخوردی کاردل و قەشەکان کرد لەگەڵ ڕاهیبەکان. ڕەخنەی ئەوەشیانگرت کە بەشێوەی خزمەتکار مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن بۆ کاری خاوێنکردنەوە و ئامادەکردنی خواردن بەبێ دانی کرێ.

خوشکە ماری ئاماژەی بە هەلومەرجی نالەباری ڕاهیبە هەژارەکان کرد کە لە ئەفەریقا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین دێن بۆ خوێندن لە ڕۆما، چونکە ئەبرشیە پارەی خوێندنەکە دەدات، ڕاهیبەکان ناتوانن شکات بکەن لەسەر خراپی هەلومەرجی ژیانیان، بۆیە ناچارن خۆیان ڕادەستبکەن، سەرەرای ئەوەی ئەو هەلومەرجەیان قبووڵ نییە.

ڕۆژنامەکە ئەو کار و کردەوانەی کە لە کلێسای کاسۆلیک ڕوودەدات، بەوە پێناسەکرد کە عەدالەت و یەکسانی لەنێوان ڕەگەزەکاندا نییە، ئەم کردەوانەش زانراون، بەڵام لە رابردوو ئاماژەیان بۆ نەکراوە، چونکە دەچێتە خانەی حەرامکراوەکانەوە.

# ساڵیادی شوراکان لە چ هەلومەرجێکدا دەکەینەوە؟

## نووسینی نوری بەشیر



۱۸/۳ ساڵیادی شوراکانە لەکوردستان، شوراکان لەرۆژەکانی سەرەتای ڕاپەڕینەوە لە ساڵی ۱۹۹۱دا لەلایەن کۆمۆنیستەکان و چەپەکان و خەڵکی ئازادیخواز لە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانەوە دامەزرا. بزوتنەوەی شورایی دەورەیەکی نوێ بوو لەخەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدەرەوەی سیاسەت و دەسەڵاتی ئەحزابی کوردایەتیدا، هەربۆیە باسکردن لەڕاپەڕین و هەلومەرجەکانی دواتری کوردستان بەبێ باسکردنی شوراکان ناتەواوەو هەمان مێژووی شێواوی کوردستان دەبێت کەلەلایەن حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردستانەوە بەئارەزو و لەبەرژوەندی خۆیان و سەرمایەداران و شێخ و خاوەن عەشیرەتەکانەوە نووسیویانەتەوەو خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانیان لەو خەبات و هاتنە مەیدانە بێبەری کردوە.

**لەکامە هەلومەرجدا ئێستا یادی شوراکان دەکەینەوە:**

ئەم ساڵ لەهەموو کات زیاتر پێویستە قامک بخەینە سەر ساڵیادی شوراکان و دەرس و تەجروبەیەک کە شوراکان خستیانە بەردەم کۆمەڵگە کە تەجروبەیەکی گەورەو زیندووە لە هاتنە مەیدان و خەباتی خەڵکی کرێکارو رادیکالیزمی کوردستان. خەڵکی کوردستان بەهۆی هەلومەرجێکی پێشتری دەرەجە دوویی و زیندان و راگواستن و کوشتن و ئەنفال و کیمیابارانەوە لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بۆرژوا ناسیونالیستی عێراقی و تا دەگاتە رژێمی بۆرژوا ناسیونالیست فاشیستی بەعس، بە دوای راپەڕیندا، خۆشخەیاڵیەکی زۆریان بەدەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی شاخ هەبوو، کە بەدوای ڕاپەڕین و پاکردنەوەی شارەکان لەرژێمی بەعس، هێزەکانی حزبەکانی کوردایەتی هاتنە شارەکانەوە، ئەم خۆشخەیاڵییە درێژەی کێشاوە، ئەگەرچی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی و تا دەگاتە حزبە ئیسلامیەکان و حزبەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆنەوە و تازە راگەیەنراوەکانیش، لەمێژووی سیاسی خۆیاندا هێندە لاکەوتەو ریسواو ماهیەتیان رۆشن نەبۆتەوە، کۆتا کارنامەکەیان ئێستا دەیبینین بەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا، کە کوردستان چ هەلومەرجێکی سەخت بەسەر دەبات لە بێ یاسا و بێ دەوڵەت و سەرگەردانی و بێئەمەلی خەڵک، بەڵام هێشتا خۆشخەیاڵی بە ناسیونالیزم پاشەکشەی پێنەکراوە، خەڵک دژی یەکێتی و پارتی و باقی حزبەکانە ، بەڵام دژی ناسیونالیزم نییە، خەڵک تەجروبەی تاڵی لەگەڵ حزبەکانی کوردایەتیدا هەیە، بەڵام لەخۆشخەیاڵی بەسیاسەتیان و لەچوارچێوەی حزبەکانیان رزگاری نەبوو، ئەمەش دەرەجەیەکە لە ناوشیاری چینایەتی خۆیان وەک خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگەو سورانەوە لەبازنەی سیاسەتی چینایەتی بۆرژوازی کوردیدا، نیشان دەدات.

بۆیە ئەگەر کەسێک راپەڕینی نەدیبێ یان دوای راپەڕین لەدایک بووبێ و هەوڵی نەدابێ مێژووی راستەقینەی دەورەی راپەڕین و شوراکان بزانێ، ئەوا رەنگە بەدرۆ و دەلەسەو بە مێژوو شێوانەکانی حزبەکانی کوردایەتی خۆشخەیاڵ بێت لەوەی کەتەنها حزبەکانی کوردایەتی بوون نەخشەی راپەڕینیان دارشت، کە ئەمە دوورە لەڕاستیەوە، وە کارنامەی ئەم ٢٧ ساڵەیان و درۆی رۆژانەیان و تاڵانکاری و کوشتارو تیرۆریان، راستی شێواندنی واقعیەتی راپەڕین و شوراکانە لەلایەن ئەو حزبانەوە.

هەربۆیە لە دوای نزیکەی سێ دەیە لەیادی شوراکان، هێشتا کارنامەو سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی بەسەر سەر خەڵکی کوردستانەوە سایەی کردوەو ماوەتەوە، بۆ رەوینەوەی خۆشخەیاڵیەک بەو حزبانەو دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە لەخەباتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لەدەرەوەی سیاسەت و بەرنامەی ئەو حزبانە وشیاری و رێکخراوبونی دەوێت.

**ڕاپەڕین و شوراکان:**

**ڕاپەڕین:**




ڕێپێوانی شووراکان لەشاری هەولێر - نەورۆزی 1991

راپەڕینی کوردستان، کە هاوکاتی ڕاپەڕین خواروی عێراق بوو، توانرا لەماوەیەکی کورتدا شارەکان لەلایەن خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و لاوان و ژنان و کۆمۆنیستەکان و چەپەکانەوە کەکۆمیتەکانی راپەڕینیان دروست کردبوو پاک بکرێتەوەو هەر واش کرا، ئەم راستیە لەزمانی زۆرێک لەسەرانی حزبەکانی کوردایەتی خۆیانەوە کەباسیان کردوە، کاتێک کە هێزەکانی پێشمەرگە هاتنە رانیەو سلێمانی شار هەمووی لەهێزەکانی رژێمی بەعس پاکرابۆوە، لەدوو ساڵی رابردوودا بەشێک لەو کەسانەی کەچەپ بوون و لەراپەڕین و شوراکاندا بەشداریان کردبوو وە دوایی بەخۆشخەیاڵی بەناسیونالیزمی کورد چوو بوونە دواوە ئەوا لە میدیاکانەوە جارێکی تر تاکیدیان لە دەوری کۆمۆنیستەکان و کۆمیتەکانی ڕاپەرین کردەوە بەپێچەوانەی مێژوویەک کەناسیونالیزمی کورد ئاوەژویان کردبوو.

**شوراکان:**

شوراکان و بزوتنەوەی شورایی کە لەهەلومەرجی راپەڕینەوە سەریهەڵدا، وەک دەوریەکی نوێ لەخەباتی شاریی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، کە خۆی لەمێژووی حزبەکانی کوردایەتی و بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد جیاکردەوە، کە راستی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی نوێی کۆمۆنیستی و چەپ بە سونەت و کارێکی نوێی شاری و رادیکالانەوە هاتە مەیدانەوە، بەپێچەوانەی دەورەی پیشووی خەباتی لادی و شاخ کە دایان سەپاندبوو …

شوراکان، وەک دەسەڵاتدارێتی جەماوەری کە هەم یاسا دانەر و هەم بەرێوەبردنی یاساکان و وەک هێزێکی رادیکالی و شۆرشگێری شار لە ژنان و پیاوانی کرێکارو کۆمۆنیست و ئازادیخواز بەبێ جیاوازی خۆی راگەیاندن و دەستیان کرد بە هەڵبژاردن لە شوێنی کار لەکارگەکان و شوێنی ژیان لەگەڕەکەکاندا، وە دەستیان برد بۆ زۆر لەمەسائیلە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتی وشیاردەرانەو رێکخراوبوونی جەماوەری و کرێکاری.

لەیەکەمین رۆژەکانی راگەیاندنی شوراکانەوە، هەموو هێزە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد بە یەکێتی و پارتی و حزبە بێدەنگەکانی دەوریان، یەکەمین کاردانەوەیان و لەبەرامبەر ترسی شوراکان و ئەو هێزە جەماوەرە زۆرەی لە دەوری بوو، نیشاندا. لەبەرئەوەی لەمێژووی کوردستاندا بۆ یەکەمین جار بوو لەدەرەوەی سیاسەت و هەیمەنە و قەڵەمڕەوی حزبەکانی کوردایەتی بەشێوەیەکی رادیکال و ئینسانی و بەبێ جیاوازی بزوتنەوەیەک دروست بێت کەرەخنەی ریشەیی لەحزبەکانی کوردایەتی هەبێت و بانگەواز بکات کە ئەو حزبانە چ لەشاخ و چ لە شار نە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بوون و نەدەتوانن ببن.

هەر بۆیە لەرۆژەکانی یەکەمەوە چ یەکێتی و چ پارتی و چ بەرەیەک کەهەیانبوو بەدژی شوراکان و هەڵسوڕاوانی شوراکان وەستانەوە، کە نەک تەنیا شوراکانیان بە بەربەستی بەردەم خۆیان دەزانی، بەڵکو لەهاتنە مەیدانی خەڵکیش ترسیان هەبوو، وە تا ئێستاشی لەسەر بێت لەناو هێنانی شوراکان دەترسن، لەبەرئەوەی شوراو هێزو دەسەڵاتدارێتی شورایی وەک هێزی جەماوەری کرێکارو کەمدەرامەتی وشیارو رادیکاڵ جێگاو رێگای ئەوان لەکۆمەڵگەدا ناهێڵی و رێگا لەدەسەڵاتی بنەماڵەیی و حزبی و سەرۆک عەشیرەت و سەرمایەداران و تاڵانکاری و سەرکوت و تیرۆر دەگرێت.

**دەرسەکانی شوراکان پاش ٢٧ ساڵ لەدەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد!**

بزوتنەوەی شورایی لە شوراکاندا کە نموونەیەکی بەرجەستەی دەسەڵاتی جەماوەری هێنایە کۆمەڵگەی کوردستان، کە خەڵک لەوێدا هەم یاسا دانەرن و هەم یاسا بەرێوە دەبەن، واتە بەپێچەوانەی دەسەڵاتە پەرلەمانیەکەیان کەلە سەرەوە و هەر چوار ساڵێک، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایەو بۆرژوازی، قوتی دەکەنەوە... شوراکان دەسەڵاتی بەکردەوەی هێزو ئیرادەی لەمەیدانی خەڵکە کە هەر کاتێک هەر ئۆرگان وکەسێک چۆن لە کۆبونەوەی گشتیدا ئازادانە هەڵبژێردراوە، ئاواش لەکاتی نوینەرایەتی نەکردنی خواست و ویستەکان کۆمەڵگەدا، دەتوانرێت لاببرێت. کارو چالاکیەکانی شوراکان ئەگەرچی کورت ماوە بوو، بەڵام لەئاستی کۆمەڵگەدا و لەبەرنامەو چوارچێوەی رێکخراوە کرێکاریی و جەماوەریەکاندا لەکۆمەڵگەدا کاریگەری گەورەی دانا و بەجێ هێشت. ئەم سیاسەت و جهەتگیریە نوێیە لەکۆمەڵگەدا لە پێشوازی بەرینی جەماوەری بەهرەمەند، بوو. لە دەورەی شوراکانی ساڵی ٩١ دا وترا ئەو حزبانەی کوردایەتی، نوێنەری بۆرژوازی و سەرمایەدارانن، وە دەسەڵاتیان ئەگەر هەبێ کە دواتر بوویان بەدژی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە دەبێت، کە وابوو نەک نانیان بۆ خەڵک دابین نەکرد، بەڵکو نانی سەر سفرەی منالانی کرێکاریشیان دزی، سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیان بەتاڵان برد، نەک کاریان بۆ خەڵک دابین نەکرد، بەڵکو زۆربەی خەڵکیان بێکارو برسی کرد. نەک ئازادیان بۆ خەڵک دابین نەکرد، بەڵکو بەهەموو شێوەیەک دژی ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و مانگرتن و رێکخراو بوونیش بوون. بەدەسەڵاتی دژی ژن و تیرۆری ژنان و لاوان و رۆشنبیران و کۆمۆنیستەکان دەناسرێت. تا دەگاتە دەسەڵات و حکومەت و پەرلەمانەکەیان خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەوەیە و بەخوێن و گۆشتی خۆیان تەجروبەیان لەگەڵیاندا هەیە کە نوێنەرایەتی سەرمایەدارانن و بەفیرعەوناو دۆلاراوا و گوندی ئەڵمانی دەناسرێنەوە، کەواتە لەبەرامبەر دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکاندا، دەسەڵات و حکومەتی شورایی رێگایەکە کەخەڵک خۆی دەسەڵاتدار بێت، خۆی یاسا دانەرو یاسا بەرێوەببات، هاتنە مەیدانی هێزو ئیرادەی خەڵک...

بۆ لاپەرە ١١

# لە گۆشەیەکی ترەوە

## پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕی مزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە... لەم گۆشەیەدا: قازانجی جەنگ لەچیدایەو بۆ کێیە؟جمهوری ئیسلامی ئێران بەچی دەناسرێتەوە؟...دەخوێننەوە

### قازانجی جەنگ لە چیدایەو بۆ کێیە ...؟!

لەمساڵدا بای ١٧ملیارو نیو چەکمان فرۆشتوە ... پۆتین وادەڵیت.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ وە ،کە بە کۆتایهاتنی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری بازاری ئازاد بە ڕابەری ئەمریکاو، بلۆکی ڕۆژهەڵاتی سەرمایەداری دەوڵەتی بەڕابەری یەکێتی سۆڤیەتی بەناو سۆشیالیستی هەرەسهێناوە، تا ئێستا هەموو مێژووی سەدەکانی ڕابردوو بە قەد نزیک بەم سی ساڵە جەنگی کارەساتباری بەخۆیەوە نەدیووە. ئەو کوشت و کوشتار، ئاوارەیی، دەربەدەری، پەنابەری ،بیکاری ،هەژاری ، قاتوقڕی و دوژمنایەتییەی لە نیوان خەڵک کە دروستیان کردوەو ڕویانداوە لەهەموو میژویی رابردوی سەدەکانی تردا نەبووە. لە کاتێکدا هۆشیاری و زانست و زانیاری و لەهەمو بوارێکدا لەهیچ سەردەمیکدا وا پەرەسەندو نەبووە. هەر بۆیەش لەم سی ساڵە هەواڵ و پرس و ڕاگورینەوەو هەڵوێستگرتن لەبارەی جەنگەوە بەشی نیوەی زیاتری هەمو دامودەزگای ڕاگەیاندنەکان و قسەوباسی سیاسەتمەداران و هەر مرۆڤێکی ئاسایی بووە وەکو پێویستی خواردنی رۆژانەی لێهاتوە.

بەڵام زیاتر بوونی کارەساتەکان لە رووی سیاسییەوە لەوەدایە کە بەشی هەرە زۆری مرۆڤەکان، تەنانەت ڕاڤەکارە سیاسییەکان و چاودێرانیش، پێیان وایە هۆکاری ئەم جەنگانە لەسەرو ئیرادەی مرۆڤەکان و حزب و دەسەڵات و ڕژێم و سیستەمە سیاسییەکەی دونیادایە. زۆر بە دەگمەن دەبینین و دەبیستین دەخوێنیەوە کە ئاماژە بەوە بدەن و جەختی لێبکەنەوە کە جەنگ درێژەی سیاسەتە بە شێوەی هەرە توندوتیژییەکەی. سیاسەتیش جگە لەسەرخانی ئابوری زیاتر هیچی تر نییە. ئەم ڕایە لەسەر جەنگ هەموو ڕاڤەکاران و سیاسەتمەداران و چاودێران لە من باشتر دەزانن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دەگمەنیان لە ڕوانگەی ململانێی و بەرژوەندەی ئابوری و سیاسی و چینایەتییەوە هەم لە تێزو ڕایەکەو هەم لە جەنگەکان دەڕوانن.

بەڵام کاتێک جارجار قسەی هەندێک لە سەرۆکەکانی جیهانمان بەرگوێ دەکەوێت لەسەدا سەد ڕاستی ئەو ڕاو تێزەمان بۆ دەسەلمێت کە بەڵێ هەموو جەنگەکان پێویستییەکی حەیاتی ئابوری سیستەمە چینایەتییەکانن لەوەی کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوری موڵکداری تایبەتی. وە ئەمەش بۆتە هۆکارو سەرچاوەی سەرەکی هەڵگیرسانی جەنگ. سیستەمی ئابوری وسیاسی ئەم دوو سێ سەدەیەیەش کە سەرمایەو سەرمایەدارییە جەنگی کردۆتە پێویستییەکی هەمیشەیی بۆ بەدەستهینانی قازانجی سەرمایەو ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی.

جا ئەم قازانجەی سەرمایە لە زۆر بوارەوەیە. یەکێک لەو بوارانە قازانجە لە بواری فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی. ئەمە لە قسەکەی فلادمیر پۆتین بە ئاشکرا دیارە کە لە کۆبونەوەی لەگەڵ دەزگایەکی کاروباری جەنگ و پیشەسازی چەک کردویەتی و دەڵیت:

تەنها لەمساڵدا زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار چەکمان فرۆشتوە.

جا خوینەرانی ئازیز! کاتێک ئەم ڕێژە قازانجەت بەرچاو دەکەوێت کەمێک بیری لێبکەوە ئەمە تەنها ژمارەیەکی ڕووت نییە لە دەمی پۆتین وەک بایەک دەرپەڕی بێت، نەخێر! بەڵکو ئەم ژمارەیە مانای قوڵی ئابوری وسیاسی و..هتد هەیە. مانای کوشتار و کەم ئەندام بوون وێرانکاری هەیە، داروخانی بنەمای ئابوری و ئاوارەیی و کارەساتە جەرگبڕەکانی دەرهاویشەی وێرانکاری و جەنگی هەیە...

ئەو روسیایە کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا، توانایی سەربازی لاوازو سنوردار کرابوو، ئەمریکا هەژموونی سیاسی و سەربازی خۆی داسەپاند بوو، بە تایبەتی لە دەورانی یەلسن دا. ئێستا روسیا هاتۆتەوە ناو گۆرەپانەکەو بۆتەوە ئەو زلهێزەی کە پۆتین و روسیا، دنیاو لەوانە ئەمریکاشی پێ دەترسێنن....

دیارە ئەم ١٧ ملیار قازانجە دەچێتە سەر ئابوری روسیا کە ئابوری سەرمایەدارییە نەک فیودالی و کۆیلایەتی. ئینجا جا بیهێنینە پیش و چاو ئاخۆ خودی ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاو ئەلمانیاو چین و زۆری تر چەند قازانجیان تەنها لەمساڵدا کردوە؟!!

پرسیارێکی سەرەکی تر ئەوەیە ئەم هەموو چەکە بەسەر کێ و کەی ولە کوێدا بەکارهاتووە؟! بێگومان هەمووی بەسەر ئێمەدا لەم وڵاتانەی وەک عێراق و سویاو لیبیاو یەمەن و وڵاتانی تری گیرۆدە بە قەیران و ململانی و شەر لە کیشوەرەکانی تریش. وە لە داهاتوشدا جەنگی تر. تەنانەت جەنگێکی تری سەرتاپاگیری جیهانی لەبەردەم دەرگاماندایە ئەگەر دژی ئەم جەنگانەی ئێستا نەوەسینەوە.

با بیهێنینە بەرچاومان تەنها بەم حەڤدە ملیار دۆلارە چەک و تەقەمەنییە چەند کەس لەم وڵاتانە کوژراون و بریندارو پەککەوتە بوون و ئاوارەو برسی و بێکارو هەژار بوون .. هتد

بیهێنە بەرچاومان ئەگەر ئەم ١٧ ملیارە تەنها بۆ بواری تەندروستی بەکارهاتبا لە ڕوسیا خەڵک چەند سودمەند دەبوون. ڕەنگە بڵێن و بپرسن ئاخر روسیای پۆتین لە فرۆشتنی ئەم جەنگەو چەکانە قازانجی کردوە بۆ باش و باشترکردنی ژیانی خەڵکەکەی.؟!

گومانی تیا نییە ئەمە ڕای هەندێک لە نووسەرە نوکەرە بەئاگاکانی دەوری پۆتین و ترامپن کە بۆ قازانجی سیستەمەکەیان دەیکەن. یان نووسەرە گەمژەکانی خوارەی سیستەمەکەیانن کە بەرامبەر کرێی نوسینکەکانیان وەری دەگرن لەپای شێواندنی ڕاستیەکان و فریوکاریدا. خۆ ئەگەر ئەمە رای بەشێک لە و خەڵکە ستەم لێکراوە بێت ئەوە ئاکامی ناهۆشیاری چینایەتی وگێژبوونیانە بە بیروباوەری نیشتیمانچێتی و نەتەوەچیتی ئەو دیاردە سیاسییانە.

لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو جەنگانەی بەناوی پاراستنی خەڵکی ئەو وڵاتانەوە کراوە کە ڕژیمەکان و سەرۆکەکانیان بەرییان خستوون وا پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن وەک پۆتین و ترامپ و بلیرو ئوردەگان و گەورەو بچوکەکانیان ئەوە دەبوو ئێستا لەو وڵاتانە هەژاری و بێکاری و برسێتی و ئاوارەیی و بێخانەولایەنەیی و دەیان دیاردەی تری خراپ نەبوایە.

بەڵام دیارە ١٧ ملیارەکەی پۆتین لەشەڕەکاندا تەنها لە قازانجی سەرمایەو پاراستنی سیستەمە سەرمایەداری یەکەیدایە.

### جمهوری ئیسلامی ئێران بە چی دەناسرێتەوە..؟!

لە چەند ڕۆژی ڕابردودا ڕوداوی تیرۆری قادر قادری، کە یەکێک لە سەرکردە سیاسی و سەربازییە دیارەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە ناوچەی بالیسان بووە هەواڵێکی بەرچاوی میدیاکان و پرس و ڕای گشتی.

بە پێی هەواڵەکان قادری لەناو سەیارەکەیدا تەقەی لێکراوەولە ماشینەکەیدا بە کوژروای دۆزراوەتەوە. دژی ئەم تاوانەش وێرای ئیدانەکردنی یەکسەریش پەنجەی تاوان لەلایەن حزبی دیموکرات و رای گشتی ئازادیخوازییەوە بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئێران درێژکراوەو گومانیش لەوەدانییە.

دیارە ئەمە نە یەکەم تاوانی ئیرهابە کە ئەم ڕژیمە ئەنجامی دەدات لە کوردستانی عێراق و زۆر شوێنی دونیا نە دوا تاوانیشە.

جا ئەم هەواڵی تاوانی ئیرهابە، هاوکاتە لەگەڵ هەواڵی بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتی لیستی ئیعدامی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لەلایەن ئەو ڕژیمەوە لەمساڵدا. ئەمەش بووە مایەی سەرکۆنەکردن و ریسواکردنی ڕژێم لەلایەن ڕای ئازادیخوازی و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئاستی دونیادا.

لەمبارەیەوە پێویستە لەوەڵام بە پرسیارەکەمان زیاتر ئەوە ڕوون بکەینەوە کە چۆن ئەم ڕژێمە بە ئیرهاب و ئیعدام دەناسرێتەو لە پاڵ دەیان شێوازی تری توندوتیژی و سەرکوتدا.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بە دیاردەی ئیرهابەکەیەوە ئەوەیە وەک وتمان کە تیرۆری قادر قادری نەیەکەم تیرۆرەو نە دوا تیرۆریشە. بەڵکو لەماوەی ٢-٣ دەیەدا تەنها لەو حزبەی قادری چەندین سەرکردەی



گەورەیان لێ تیرۆر کراوە. لەوانەو لەسەرو هەمویانەوە عبدالرحمانی قاسملو و دوو هاوڕێی تری بوون لە نەمسا لە کۆتایی هەشتاکان. پاشان شەرەفکەندی و زۆر ئەندام و کادری تریان. بە تایبەتی لە شارەکانی کوردستان عیراق و لە سایەی دەسەڵاتی میلیشایی هەردوو حزبی هاوپەیمانی حزبی دیموکرات. تاوانی هێرش و کوشتنی بە کۆمەڵیان لە نیوەی نەوەدەکان لە کۆیە بە یەکێکی تر لە تاوانە ئاشکراکانی ڕژێمی ئیسلامی دادەنرێت کە بە هێزێکی سەربازی... زۆرەوە هاتبوونە سەر بنکەو بارەگاکانیان و زۆریان لێ کوشتن.

ئەمە جگە لە تیرۆری سەدان کەسی هەڵسوراوی سیاسی تری لە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە چەکدارو بێ چەکەکانی تری کوردستانی ئێران و لایەنەکانی تر. بە تایبەت لە ڕیزەکانی کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیست.

جا کاتێک لەم ڕووەوە لەم ڕژێمە بڕوانی بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ئیرهاب بۆتە تایبەتمەندی و ئامرازێکی کاراو کاریگەر بۆ کوشتن و ترساندنی نەیارەکانی و مانەوەی دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکەی. وە ئەم تایبەتمەندی و ئامرازە تەواوکەری هەموو تایبەتمەندی و ئامرازەکانی تری سەرکوتە بۆ مانەوەی نزیک بە ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتە خوێناوییەکەی.

تایبەتمەندییەکی تری ئەو ڕژێمە بریتییە لە ئیعدام- سیدارە- کە ئامرازو کۆڵەکەیەکی کاراو کاریگەری تری دەستی ئەم ڕژێمەیە بۆ لەناوبردنی فەرمی و ئاشکرای هەموو نەیارە گەورەو بچوکە سیاسییەکانی. هەڵبەت بەشی زۆری ئەوانەی کە ئیعدامیان دەکات تۆمەتی جۆراجۆریشیان بۆ هەڵدەبەستێت. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانە لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵیشەوە بن ئەوە هەر ئیعدامی کردون جا بە ئاشکرا بێت یان تەمەنیانی بردبێتە سەرەوە بۆ ئەوەی زیاتر ڕیسوا نەبێت.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و وڵاتی ترو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانە ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی و چاودێری مافی مرۆڤی ئەمریکی و لێژنەی پاراستنی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، تەنها لەمساڵدا وەک وتمان نزیک بە ٥٢٠ کەسی ئیعدام کردوە بە ئاشکرا. ئەمە جگە

لەوەی سەدانی تری لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە. بە پێی ڕاپۆرتەکان لە نارەزایەتییەکانی ئەم چەند مانگەی پێشودا، کە تا ئێستاش بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە، زیاتر لە ٥ هەزار کەسی لە ژنان و پیاوان، کە زۆریان لاوانن دەسگیرو زیندانی کردووە. زۆربەیانی ئەشکەنجەی سەخت داون. تەنانەت لاقەیان کردون، بە تایبەتی لاقەی ژنان. وە لە نێویاندا خۆکوژیان کردوە چ لە زیندان چ دوای هاتنە دەرەوەیان. بێگومان ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

وە لەم ٥ هەزار کەسە سەدانیان لە ژێر ئەشکەنجە مردون و دەیانیش لە ڕیزی ئەو لیستی لەسێدارەدانەدان.

ئەمە تەنها لیستی ئیعدامی ئەمساڵەو بەس. خۆ ئەگەر چاوێک بخشینێن بە لیستی نزیک بە چل ساڵی دەسەڵاتیدا ئەوە بە پێی ئامارە فەرمییەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەسی ئیعدام کردوە. وە لەنێو ئەو ئیعدامانە ئیعدامی بە کۆمەڵی ژنان و پیاوانی کۆمۆنیست و چەپ لە تاران و شارەکانی تری ئێران و ناوچەکانی کوردستان، بە تایبەتی شاری سنە، لە نیوەی یەکەمی هەشتاکان کاتێک دەیویست دەسەڵاتی سەرکوتگەری جێگیر بکات لە دونیادا ئەو تاوانانە دەنگی دایەوە.

ئەم تایبەتمەندییەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو پێمان دەڵێت کە ئەم ڕژێمە هەر وەک هەموو ڕژێمە ئیسلامی و قەومییە فاشیەکانی تر کە بە زۆری لەم وڵاتانە فەرمانڕەوان ناتوانن یەک ڕۆژیش لە دەسەڵاتدا بن ئەگەر دەسهەڵگرن لە ئیرهاب و ئیعدام. ئیرهاب و ئیعدام بۆیان لوتکەی سەرکوتگەری و هەر توندوتیژی یەکەو درێژکراوەی شێوازەو ئامرازەکانی تری بەرێوەبردن و سەپاندنی دەسەڵاتەکەیانە.

ئەوەش بڵێین کە ئەم دوو تایبەتمەندییە بۆتە ئەزمونێکی گەورە بۆ زۆرێک لە دەسەڵات و ڕژێمەکانی ناوچەکەو تاقمە ئیسلامییەکانی تر کە لەدەسەڵاتیشدا نەبن.

هەر بۆنمونە تیرۆریزمی ئیسلامی باڵی سوننەگەرا لە زۆر وڵات بەهۆی ئەم ڕژێمەوە زیاتر گەشەی کردو ئەزمون و کەڵکی زۆری لە شێوازی ئیرهاب و ئیعدامی ئەو وەرگرت.

ئەم تایبەتمەندی و ئامرازە درێژکراوەی سیستماتیکی چەوسانەوەی هەمەلایەنەی ئابوری و ئایدیۆلۆژی، سیاسی ،ئابوری ،کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی لەسەر هەمو کۆمەڵگە، بە تایبەتی ژنان، کرێکاران ،لاوان ، وهەڵسوڕاوان و ڕابەرانی ناو جوڵانەوەکەیان و نارەزایەتییەکانیان.

زۆرن ئەو ڕابەرە کرێکاریانەی، بە تایبەتی چەپ و کومونیستەکان، کە بەردەوام پێیەکیان لە زینداندان، وتەنانەت زۆریان لە ژێر ئەشکەنجە مردون یان ئیعدام و ئیرهاب کراون لە شوێنی کارو ژیانیان.

هەروەها لەناو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان تا ئێستا دەیان و سەدان لە هەڵسوڕاو و ڕابەرانیان دەسگیرو زیندانی و ئیغتیساب کراون. هەر ئەو تایبەتمەندیەی ئیرهاب و ئیعدامەش وایکردوە کە زۆریان ئێران بەجێ بێڵن و لە وڵاتانی تر ببنە پەنابەر، بەڵام لەو وڵاتانەش ژیانیان لە مەترسی ئیرهابدان وەک قادر قادری.

هەڵبەت ئەم دوو تایبەتمەندییە لە پاڵ دەیان و سەدان دیاردەی تری وەک کاتی کارکردنی زۆرو موچەو کرێی کەم. یاخود چەند مانگ موچەو کرێ نەدان و دواخستنی موچەکان. ڕێژەی بەرزی بێکاری و هەژاری و نەداری و بێخانە ولانەیی و بێ خزمەتگوزاری و جیاوازی ڕەگەزی و دینی و تایەفی، بە تایبەتی جیاوازی کاری نێوان ژن و پیاو، کە بۆتە سیمایەکی تری ناسینەوەی ڕژێمی ئیسلامی دژە ژن ...هتد.

بەڵام لەنێو هەموو ئەو دیاردانەدا، وەک ئاماژەمان پێدا، دیاردەو تایبەتمەندییەکەی لە ئیرهاب و ئیعدام، ئیتر ئەو دوانە بە لوتکەی سەرکوت و توندوتیژی دەسەڵاتە پڕ لە تاوانەکەی دادەنرێت. خۆ ئەگەر ئەم دوو دیاردەیە لە پاڵ دەیان دیاردەی تری نەبوایە ئەوا ئەو ڕژێمە ئیسلامییە یەک ڕۆژیش نەیدەتوانی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بمێنێتەوە. چونکە ئەم ڕژێمە کە نوێنەرایەتی باڵێکی گەورەی بۆرژوازی لە ئێران دەکات ئەوەندە کۆنەپەرست و دژی ئینسانی و دژی سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی ئینسانە هەموو بوونی ناکۆکییە لەگەڵ کۆمەڵگەی پێشکەوتوو مۆدێرنی ئێران.

## بە بۆنەی ١٣٥ ساڵەی مەرگی مارکسەوە

## کەپیتاڵ و مانیفیست: لە تیۆری زانستییەوە تا تیۆری شۆڕشگێڕانە!

## – دەربارەی پێگەی هەردوو پەرتووکی کەپیتاڵ و مانیفیست لە یاداشتەکانی یونیسکۆدا –

ڕێکخراوی یونیسکۆ – نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیریی– لە کۆنگرەی ساڵانەی خۆیدا لە کۆریای باشوور بریاریداوە کە هەردوو پەرتووکی کەپیتال و مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست کە کارل مارکس بە هاوکاریی فریدرک ئەنگلزی هاورێی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزیەدەم نووسیویانە بکاتە ریزی ئەو نووسراوە کاریگەرانەی کە لە ماوەی سەدەی نۆزدە و بیست گەورەترین کاریگەریان بووە لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بە دەسکەوتی گەورەی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرین.

هەڵبەت یونیسکۆ لە بریارەکەیاندا ئاماژەیان بەوەشداوە کە بەهۆی ئەم دوو نووسراوەیەوە جوڵانەوەی گەورە لەو دوو سەدەیە بەڕێخراوە بەناوی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی یەوە.

یونسیکۆ لە ساڵی ١٩٩٢وە دەستی داوەتە پاراستن و ریزبەندی کردن و دیجیتالکردنی ئەو نووسراو و داهینانە گەورانە کە بە درێژایی میژویی مرۆڤایەتی نووسراون و داهێنراون بە ناوی یاداشتەکانی جیهان دەیانپارێزی و دەیانناسینی و تا ئێستا ٢٩٩ پەرتووک و نووسراوی ریزبەند کردوە لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەیدا.

شایانی ئاماژە پێکردنە لەم ٢٩٩ نووسراوەیە تا ئێستا حەڤدەیان لە وڵاتی ئەڵمانیادا بووە. دیارە جگە لە کەپیتال و مانیفێست چەندینی تری وەک پزیشکی کۆنی ئەڵمانی سمعە لوشیری سالی ٧٩٥ زایینی و لەوحەی ئاسمانی نەبرا کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٣٦٠٠ ساڵ لەمەوبەرو بەڵگەنامەی قوتابیان ساڵی ١٣٥٤ کە بە گرینگترین بەڵگەنامەی یاسایی و دەستوورییەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمانی دادەنرێ و سەمفۆنیای نۆیی بتهۆڤن و ...هتد.

دیارە تا ئەو جێگەیەی دەگەرێتەوە بە گرینگی کاپیتال و مانیفیستی مارکسەوە ئەوەیە کە ئەم دەزگایە سەرەرای ناوەرۆکە چینایەتییەکەی کە بەشێکە لە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ناوەرۆکەکەی بۆ خودی پێکهنەران و ئەندامانی ریکخراوەکە بەدیار کەوتووە لە رووی سیاسییەوە کە چۆن بۆتە ئامرازیک بە دەستی زلهێزەکانی جیهانەوە بە تایبەتی کاربەدەستانی فەرمانرەوای ئەمریکاو هاوکات لەوە گرینگتر کپکردنی میدیایی و بانگەشەی ژەهراوی بۆرژوازی جیهانی و حیزب و ریکخراوەکانیان لە دژی ئەم دوو نووسراوەیەو سەرجەم نووسراوەکانی مارکس و بیروباوەری مارکسیزم و کۆمۆنیزم بە تایبەتی لەدوای روخانی بلۆکی رۆژهەڵاتی بەناوی سۆشیالیستی و کۆمۆنستی بە سەرکردەیی سۆڤیەتی پێشو، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا هەر نەیان توانیوە تایبەتمەندی و گرینگی ئەم دوو پەرتووکەو کاریگەریان لەرووی تیوری زانستی و تیوری شۆرشگێری لەسەر کۆمەلگەی مرۆڤایەتی بسڕنەوە.

نەک هەر ئەمە، بەڵکو زۆرجار تەنانەت لە دوای هەموو ئەو هێرشانەی کە لەم دوو دەیەیەدا کراوەتە سەر مارکس و مارکسیزم و کۆمۆنیزم و چینی کریکار، بەڵام دەبینین لە بۆتەی ئەم هێرشانەدا چەندین دەنگ بەرز بۆتەوە لەسەر گرینگی ئەم پەرتووکانەی مارکس قسەیان کردوە.

بۆ نمونە لە کۆتایی نەوەدەکان نووسەرێکی وەک فرانسیس وین کە خۆی مارکسیستیش نی یە لە بیوگرافییەکی لەبارەی ژیانی مارکسەوە دەڵێ: وا پیشبینی دەکرا کە دوای هەرەسی سۆڤیەت و ئەو ئاڵوگۆرە گەورە جیهانی یەوە ئیتر کەس قسە لەسەر مارکس نەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێستا دەبینین خاوەن پیشەسازە گەورەکان و سەرمایەدارەکان خۆیان دەڵێن مارکس لەسەر سەرمایەو قەیرانی سەرمایەداری راستی وتووە کە سەرمایەداری هەرگیز رزگاری نابێت لە قەیران و نارەزایەتی.

هەروەها لە گەرمەی قەیرانی ئابوری جیهانی کە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٨ سەری هەڵدا لە ئەمریکاوە ئەوە سەرۆکی بانگی جیهانی بوو کە لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە بی بی سی بڵاو بۆوەو وتی کارل مارکس راستی وت کە سەرمایەداری هەرگیز لە قەیران ڕزگاری نابێت و هەر چەند دەیەیەک توشی دەبێت. بێگومان ئەم کەسایەتییانە لە روانگەی لایەنە زانستییەکەی نووسراوەکانی مارکسەوە بە تەنها تەماشا دەکەن و لایەنە شۆرشگیرانەکەی مارکس فەرامۆش دەکەن، لە کاتیکدا تایبەتمەندی و گرینگییەکی هەموو نووسراوەکانی مارکس و ئەنگلز لە رووە شۆرشگێرییەکەی دایە لە دژی سیستەمی مەوجودی سەرمایەداری و چەوسانەوەکانی.

هەڵبەت تا ئەو جێگەیەی دەگەرێتەوە بە گرینگی کەپیتال– سەرمایە –وە گەر چی مارکس ٣ بەشی دەرکرد و بەشی چوارەمی تەواو نەکرد، بەڵام خۆی لە ێیشەکی پەرتووکی سەرمایەدا دەڵێ: مەبەستی کۆتایی لە پەرتووکی سەرمایە ئەوەیە کە یاسای ئابووری جووڵانەوەی کۆمەڵگەی نویێ سەرمایەداری کە چینی بۆرژوا بەرێوەی دەبات بە روونی دەردەخات.

لەم بارەیەوە دەکرێ بڵێین کە پەرتووکی سەرمایە دوو لایەنی هەیە ئەویش لایەنی تیوری زانستی و لایەنی تیوری شۆرشگیرانەیەتی بۆ ژێرەوژورکردنی سیستەمی سەرمایەداری بە شێوەی شۆرشگیرانە لەلایەن چینی کریکاری کرێگرتەوە کە سەرمایە پێک دینن و کەڵکە دەکات لە ڕێگای بەدەست هینانی زیدەبایی هێزی کاری کریکارانەوە.

دیارە بە هەمان شێوەش تا ئەو جێگەیەی دەگەرێتەوە بە مانیفیستی – بەیان – حیزبی کۆمۆنیستەوە لەم بارەیەوە لینین دەڵێ: ئەم پەرتووکە بە شێوەیەکی گەش و روون مانایەکی تازە لە جیهان بەدەستەوە دەدات. ماتریالیزمی لێکهەڵپێکراو، کە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، دیالەکتیک وەکو قوڵترین تیۆری گەشە و گۆران، تیۆری خەباتی چینایەتی و رۆڵی شۆرشگێرانەی میژوویی جیهانی پرۆلیتاریا وەک بەدیهینەری جیهانی نوێی کۆمۆنیستی نیشاندەدات.

بە هەق ئەم دوو پەرتووکەی مارکس سەرەرای هەموو پەرتووکەکانی تری وەک ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی و خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا و هەژدەی برۆمیر لویس بونابورد و کوێرەوەری فەلسەفە و دەیان نووسراوی تری هەموویان گەورەترین دەسکەوتن بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

بەڵام دەبێت کۆمۆنسیتەکان و کرێکاران و هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز ئەوە هەرگیز لەبیر نەکەن، وەک بیرمەندو تیورزانە سیاسی و ئابوری و فکرییەکانی بۆرژوازی، کە گرینگی نوسراوەکانی مارکس و ئەنگلز لەهەردو رووە تیوری یە زانستی و تیوری یە شۆرشگیرانەکەیاندایە. وە هەر ئەم دوو لایەنییەیە کە وای کردوە ئەم پەرتووکانە وەک باشترین و زانستی ترین سەرچاوە لە زانکۆ و پەیمانگا جیهانییەکان نەخوێندرێ و نەوتریتەوە نەبادا بیرو کردەوەی شۆرشگێرانە لەو جێگایانەدا پەرە پێ بدات.

**نووسینی: مزەفەر عەبدوڵا**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی....ساڵیادی شوراکان لە چ هەلومەرجێکدا دەکەینەوە؟

کە ئەوە دەتوانێت زامنی ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت و کۆمەڵگە دابین بکات، شوراکان ئەمە بەرنامەی بوو و ئەمە برایە پێشەوەو بۆیە حزبەکانی کوردایەتی بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان کردو پاشەکشەیان پێکرد.
شوراکان نەک تەنیا ئەمانەی کرد، کۆمەڵێک سونەت و کاری سیاسی نوێ و وشیاری خستە بەردەم کۆمەڵگە، کە تائێستاش ناسیونالیزمی کورد لێی دەترسێت و دەستی بۆ نابات، لەوانە ساڵیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، شوراکان لە کوردستان لە ١٦/٣/١٩٩١ بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کوردستاندا لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی لەرێو رەسمێکی جیاوازی تا ئێستای حزب و سەرانی حزبەکانی کوردایەتی و تەشریفاتیان، بەئامادەبوونێکی جەماوەری فراوان و سەراسەری، لەرێگای شوراکانی هەموو گەڕەک و کارگەکان و جەماوەریدا لەشوێنەکانی خۆیانەوە بەرێپێوان و بەلافتەو دروشمەوە بەرەو بەردەرکی سەرا ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەیان بەرز راگرت، وە رژێمی بەعس و هەموو هێزەکانی هۆکاری کیمیابارانی هەڵەبجەیان تێدا تاوانبار کرد، هەر لێرەوە بەردەرکی سەرا ناونرا مەیدانی ئازادی.
بۆیە ئەگەر خەڵکی کوردستان بیەوێت لەکابوسی بۆرژوا ناسیونالسیت و ئیسلامیەکانی کوردستان ئازاد بێت، ئەگەر بیەوێت لە دزی و تاڵانکاری و تیرۆرو سەرکوتی ئەو حزبانە رزگاری ببێت، ئەگەر بیانەوێت لە دەسەڵاتی بنەماڵەو حزبە مافیاو دژی ژن و دژی منداڵان و دژی لاوان رزگاریان ببێت، ئەوا دەبێت ریزی خۆیان رێکخراو و لە شوراکاندا خۆیان رێکخراو بکەن بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لەدەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی رزگاریان ببێت و ئایندەیەکی باشتری ئینسانی بۆ خۆیان نەوەکانی دوای خۆیان مسۆگەر بکەن.
١٤/٣/٢٠١٨

## درێژەی...کێ درێژە بە کورتەی مێژووی کات دەداتەوە...؟!

جۆرێک نابێت بەشی تەندروستی بدرێت بەکەرتی تایبەت. چونکە تەندروستی سەرەتاییترین پێویستی مرۆڤایەتییەو نابێت دەوڵەت بە شوێن سودو قازانجەوە بێت.

هەروەها خاڵێکی تر ئینسانی ئەم زانایە ئەوە بوو بە پێچەوانەی زۆربەی زاناکانی ترەوە هەمو کات تیۆرو دۆزینەوە زانستییەکانی خۆی ڕاستەوخۆ، یان بەهەرزانترین نرخ دەخستە بەدەست هەموو خەڵکی. هەر بۆیە نازناوی باڵوێزی زانستی خەڵکیان پێبەخشی بوو. تەنانەت لە کاتی فرۆشتنی کتێبی کونیلە ڕەشەکان لەیەک ڕۆژدا لەسەر پێگەی نێتی زانکۆی کامبرج ئەوەندە کڕیارو داگرتن زۆر بوو کە پێگەی نێتەکەیان لەکار کەوت. بەپێی ئامارەکان زیاتر لە نیو ملیون کەس ئەو ڕۆژە خەریکی داگرتنی ئەو کتیبە بوونە.

بۆیە ئەمڕۆ کە ئەم زانا بلیمەتە گەورەیە لەدەست دەدەین ئەوە گەورەترین زیانە بە مرۆڤایەتی دەکەوێت و پڕکردنەوەی ئەم زیانە وا ئاسان نییە.

ئێمە وەک ستافی "بۆپێشەوە" لەکەنار هەموو مرۆڤە ئازادیخوازو یەکسانیخوازو پیشکەوتنخوازو زانستخوازەکان ڕایدەگەیەنین کە وێرای بەشداری لە غەم و پەژارەی کەسوکاری ئازیزی هاوکینگو، هەموو زاناو پسپۆرەکانی مرۆڤایەتی و ئازادیخوازەکان، بە لەدەستدانی ئەم مەشخەڵە گەشەی زانست و زانیاری، هاوکات بە ئومێدەوە دەپرسین ئاخۆ کێ درێژە بە کورتەی مێژووی کات دەداتەوە لە جیاتی هاوکینگ.

بێگومان کە ناو و یادی هاوکینگ لەسەدەکانیش تێپەر دەکات...

## درێژەی دوا وتە.....

دەسەڵاتداریتی، ماف و ئازادییەکانی خەڵک، باشکردنی باش بژیوی خەڵک و موچە... تاد. تەنانەت هیچ کام لەو دووباڵەی یەکێتی پرۆژەی سیاسییان بۆ زۆنی سەوزی ژێر دەسەڵاتی خۆشیان نییە...جگە لەکەڵک وەرگرتن لە زۆری هێز.
لە نەبوونی پرۆژەو نەخشەی سیاسی دیاریکراو و جیاوازدا، چ لەسەر ئاستی زۆن و هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا، یەکێتی دەمێکە بۆتە حزبێکی بە نرخی رۆژ سیاسەت کردن و بۆتە حزبی هەڵوێستە ڕۆژانەیە ئاگرینەکان و حزبی پاشکۆ و بێ ئەجندای سیاسی، ئەم گرفتە گرفتی هەردوو باڵە سەرەکیەکەی یەکێتییە... یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا دەتوانێت گرفت و کۆسپ بۆ بریاری سیاسی و دۆخی سیاسی کوردستان دروست بکات، بەڵام ناتوانێت ببێتە خاوەن بریاری سیاسی و هاوبەشی سیاسی... یەکێتی نە لەسەر ئاستی عێراق و نە لەسەر ئاستی کوردستان، نە لە پانتایی ململانێی ناوچەکەدا خاوەنی هیچ بریارێکی یەکلاکەرەوە نییە... و بەتەواوەتی حزبێکی پاشکۆ یان بێدەنگە. هەڵوەرینی ڕۆژ بەڕۆژی یەکێتی و لێکترازانی بەردەوامی، لە نەبوونی هیچ ریگاچارەو پرۆژەیەکی سیاسیدا، درۆی نوێبوونەوەی یەکێتی و کردنەوەی یەکێتی بە یەکیتی جاران و سەردەمی زێرنی مام!! کردۆتە بڵقی سەرئاو. ئەو دووباڵەی ئێستای یەکێتی جەنگی خاوەنداریێتی یەکێتی و گرتنی سوکانی ئاژۆتنی یەکێتی وەکو حزبێکی نەخۆشی مزمن دەکەن... حزبێک کە ئاسۆیەک بۆ گیان بەبەرداهاتنەوەی نییە. هیچ کام لە باڵەکانیشی فرۆم و ڕێگایەک و نەخشەیەکی سیاسییان نییە، بۆیە خودی کۆنگرەش دەبێتە جێگەو مەیدانی ململانێیەکی روتی حزبی بۆ دەستکەوت لەچوارچێوەی تەماحە حزبیەکاندا... لەو نێوەدا باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی کە بەشی زۆری داهات و دەزگای ئەمنی و پێشمەرگەو هەواڵگری و ئیدارە و حکومەتداریان لەبەردەستە، پێداگری زۆرتر لەسەر بەستنی گۆنگرە دەکەن و دەیانەوێت بەر لە هەڵوەرینی زۆرتری یەکێتی ببنە میراتگری تاڵەبانی و پێگەی بنەماڵە لەحزبدا، بکەنە پێگەی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵی داهات و هێزو بریاری سیاسی... لە بەرامبەردا باڵی مەکتەبی سیاسی دەیانەوێت کۆنگرە دوابخرێت، تا بە ئامادەییەکی تەواوەوە، ڕووبەڕوی هەوڵی باڵی بنەماڵە ببنەوە و پێگەی خۆیان تارادەیەکی زۆر بهێڵنەوەو نایانەوێت دەستبەرداری دەستکەوتەکانی مێژووی!! یەکێتی و ببن. خۆبەستنەوەو خۆگرێدان بە مێژووی یەکێتی بۆ داهاتووی یەکێتییە چ وەکو حزبێکی سیاسی چ وەکو کۆمپانیایەک بۆ خۆدەوڵەمەندکردنی زۆرتر و کەڵەکەی سەرمایەی قەبەتر... بۆیە ئامادەنین دەستبەرداری رابردووی یەکێتی ببن و رادەستی بنەماڵەی تاڵەبانی بکەن...
بوونی ئەو ئاستە لە ململانێی لەناوخۆی یەکێتیدا، لە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و عێراق و بۆشایی پێگەی تاڵەبانی و بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەردا، کۆنگرە ناتوانێ هیچ کام لە دەردە ڕیزکراوەکانی یەکێتی تیمار بکات، هەر بۆیەشە خودی کۆنگرە دەبێتە دۆسیەیەکی تری ململانێی نێوان باڵەکانی یەکێتی... یەکێتی بەر لەوەی لەناوخۆیدا توشی داخوران و قڵشتی ناوخۆیی ببێت، پێشتر و تا هاتووە لەسەرئاستی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا، توشی داکشان و پاشەکشە بووە... لەدرێژەی ئەو پاشەکشەیەشدا، نەیارەکانی لە زۆنی سەوزدا زۆرتر بوون و رێگەنادەن یەکێتی وەکو جاران هەژموونی سیاسی و سەربازی و ئیداری قۆرغ بکات...
یەکێتی ڕووی لە دارمانی زیاترەو ئاسۆیەک بۆ رزگار بوون لەدۆخە کوشندەیەی تێی کەوتووەو نابینرێت و تا ئێستاش پرۆژەیەکی سیاسی لەلایەن هیچ کام لە باڵەکانی یەکێتی بۆ روبەرووبوونەوەی ئەو دۆخەی نییە... یەکێتی بەهەر ئەندازە جەماوەرەکەی بێ ئومێدتر دەبێت، بەهەر ئەندازە کادرو بەرپرسەکانی سەنگەر دەگوازانەوە!! یان دەبن بە هاودید! وە بەهەر ئەندازە لایەنگرو جەماوەرەکەی دابەشی سەر قەوارەو حزبەکانی تر دەبن... بەهەمان ئەندازە گرفتەکانیشی قوڵتر دەبنەوە. بوون و کەڵەکەبوونی هەموو ئەو گرفتانەش، چارەسەرەکەی بەکۆنگرە ناکرێت... یەکێتی ئەگەر بیەوێت کۆنگرە بگرێت... دەبێ لەسەرئاستی کوردستان و عیراق و خۆی ئابدەیت بکاتەوە، ئابدەیت بەو مانایەی وەکو حزبێکی سیاسی ئەجنداو نەخشەی سەربەخۆی سیاسی جیاوازی خۆی بخاتە روو... لەدیدی داهاتووەو هەنگاو بنێت، نەک هەر ئامبازی رابردووی بێت... وە دەبێ لە جەنگی هێزە سەرەکیەکانی ناوکۆمەڵگەدا، خۆی نمایش بکات، نەک کۆنگرە بکات بەبەردەبازی پەرینەوە لەو ئەزمە سەرپاگیرە سیاسی و رێکخراوەیی و حزبیەی دەرگیری بووە. ئەو لیاقەتەش کە یەکێتی دەستبەرداری رابردووی بێت و بە ئەجندای سیاسی و سەربەخۆی جیاواز لەسەر پرسە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەوە خۆی نمایش بکات، نابینرێت.. بۆیە ئایندەیەکی باش چاوەروانی یەکێتی ناکات...

**نووسینی: عەبدولا مەحمود**

※ بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
※ بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبووبێتەوە.
※ بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبووبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
※ درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
※ ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

ژمارە ( 24 ) 15/3/2017

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەكانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بكەن:
www.bopeshawa.net

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، عەبدوڵا مەحمود،مزەفەر عەبدوڵا، نوری بەشیر، هەتاو عەبدوڵاهی

پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:
مۆبایل: 0046737403392

# بۆ شورا کرێکارییەکان

## بژار

هەتاوە مەزنەکەی هەڵاتووی گلێنە
تاریکی داگرە
بۆ ئەمڕۆ لەتیشکت بەلافاو بڕژێنە
دەمێکە ئەبینم تورەییت ئاگرە
ئاگربە! باستەم
ببێتە ئەستێرەی کوژاوە
ئاگربە! بائیتر
وەک ڕێژنەی بروسکە بڕژێیتە دونیاوە
هەڵسانە و هەڵمەتی بازووی تۆ
تیژرەوە.. وەک هەڵۆ
شاڵاوی بورکانیت
ڕژێمی بۆرژوای خستۆتە شەکوشۆ
هەڵسانەو مەهێڵە
بۆرژوا بەرگی تر کاتە بەر
پڕبەدەم هاوارکە:
"کۆمۆنە" ی" پاریس" ین
لە عێراق دێینە دەرا.
دارستان لە ئاستی
شاڵاوی سووری تۆ. نە چڕەو نەزەبەنگ
کام شەپۆل گەورەیە لەکاتی جوڵانتا
نایەوێ دەرکەوێ نەبەڕوو نە بەدەنگ
دەرکەوە ئەی هێزی شۆڕشی ئۆکتۆبەر
دەرکەوە ئازادی هەر بەتۆ دێتەدەر
دەرکەوە! سامالی دوای تۆف و کرێوەی
دەرکەوە! ئەزانم دەمێکە بەرێوەی
دەرکەوە، وەک ئەوەی
شۆڕشت بلێسەی سەند بێ
دەرکەوە، وەک ئەوەی
حکومەتی شوراییت
سەراسەر وڵاتی عێراقی گرتبێ! هەوری سوور
بباریێ
وا کۆمەڵ چاوەڕێی بارانی پشکۆیە
ئەی شورای کلپە سێن!
ڕاپەڕە شۆڕشی نەوەستاو بە تۆیە
کە دەنگی ئێوە دێ
قەڵبەزە شەرم ئەکات هاژەی خۆی دەربڕێ
لە سیمای ئێوەدا
پڕشنگەو بە لێشاو تاریکی سەر ئەبڕێ
هەر ئێوەن برینمان گۆشتەو زوون دێننەوە
بەهاری ڕۆیشتوو جریوە ئاسایی بۆ دڵمان
دێننەوە
ئەی شورای کرێکار هەوری سوور کڵپەسێن!
نەهێڵن بۆ ڕێگای بۆرژوا لابدرێن
ڕۆژێکە و هاتووە! دەسەڵات وەرگرە
ئەزموونەو زۆر هەیە
سەرمایە نەفەوتێ هەمیشە پەنگرە!

مارتی 1991

# دوا وتە

# کۆنگرە لە دەروازە و چارەسەرەوە بۆ گرفت!



ململانێی و کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی یەکێتی، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو قوڵبوونەوە، دەچێت... باڵ و لاباڵەکانی یەکێتی لە جەنگێکی سەختی یەکتریدان... جەنگێک کە بەدوور نازانرێت، کە بەرەو زبری و تەنانەت خوێناویش بچێت... کێشەکانی یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێکیان کۆنن، بەڵام بەدوای مەرگی تاڵەبانی و ١٦ ئۆکتۆبەردا، کەیس و مەسەلە و گرفتی تازەتر هاتوونەتە ئارا، ئەمەش ململانێی و کێشمەکێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی بەرەو ئاستێکی ترسناکتر بردووە. کۆنگرەو پێداگری لەسەر کۆنگرە ئەگەر پێشتر وەکو دەروازەیەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی ناوخۆییەکان یان خاوکردنەوەو داپۆشینی ناکۆکییەکان، دەکرا لێی بڕوانرێت... لە ئێستادا خودی کۆنگرەش بۆتە گرفتێکی تری نێوان باڵە ناکۆکەکانی ناو یەکێتی... ئەوە کە کۆنگرەش بۆتە کێشەیەکی نێوان باڵەکان و ناتوانن تەنانەت لەسەر کاتی بەستنەکەی بسازێن، نیشان دەدات کە کێشەی باڵەکانی ناو یەکێتی هەم گەلێک قوڵبۆتەوەو هەم لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە خەڵک و ئایندەی سیاسی کوردستان و تەنانەت لەپەیوەند بە جێگەو ڕێگەی یەکێتی لەگەڵ نەیارەکانیشی لەسەر ئاستی کوردستان و زونی سەوزو نیلیشدا نییە... کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی لە ئێستادا، هێندەی لەسەر میراتگری شوێنی تاڵەبانییە، لەسەر هیچ پرسێکی سیاسی و ئەجندایەکی نوێ و بوونی هێڵی سیاسی و پرۆژە دیاریکراو نییە... جەنگی بەدیلی سیاسی، پرۆژەی جیاواز، نەخشەی نوێ... نییە. جەنگی سەرەکی لەنێوان باڵە سەرەکیەکانی یەکێتی بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی، ئامانج کۆنترۆڵکردنی یەکێتییە بە فەرمی و قایمکردنی پێگەی بنەماڵەیە بەکەڵک وەرگرتن، بە لەبەر دەستدابوونی داهات و جومگەکانی بریار و بەشێکی زۆر لە هێزو دەزگای ئەمنی و کەڵک وەرگرتنە لە پێگەی تاڵەبانی و مێژووی کاریزمابوونەکەی و سود وەرگرتنە لە پشتیوانی ئێران... بۆ باڵی نەیاریش، یان باڵی مەکتەبی سیاسی پاراستنی پێگەی سیاسی وپۆستە، جەنگینە بۆ مل نەدان بە قایمکردنی پێگەی تاکە بنەماڵەیەک لەسەر بریاری سیاسی و داهات و جومگە هەستیارەکانی باڵادەستی حزبی...وە جەنگێکی بەرگرییە لەبەرامبەر بەهێرشی هەمەلایەنەی بنەماڵەی تاڵەبانی...

کێشەی پۆستی باڵای حزبی و حکومی، بڕیاری سیاسی و داهات و پارە و خاوەنداریێتی کۆمپانیاکان و سەفقە سیاسی و ئابورییەکان... سەرچاوەی سەرەکی ململانێی نێوان باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی و مەکتەب سیاسییە، نەک هیچ پرۆژەیەکی سیاسی. هیچ کام لەو دووباڵە سەرەکییەی ناو یەکێتی، خاوەنی پرۆژەیەکی سیاسی نین، بۆ هەلومەرجی سیاسی کوردستان، پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا، پەیوەندی هەرێم و وڵاتانی ناوچەکەو دنیا، ئایندەی سیاسی کوردستان و شێوازی

بۆ لاپەرە ١١

بۆپێشەوە
FORWARD

**خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە...**

**1-4-2018 ساڵێک بەسەر دەرچوونی بۆپێشەوەدا تێپەردەبێت... بەبۆنەیەوە تەوەرەیەکی تایبەت لە ژمارەی داهاتوودا دەکەینەوە بۆئەوەی بۆچوونی ئێوە لەسەر ساڵی رابردووی بلاوکراوەکە بزانین. بۆ ئەو مەبەستە داوا لە ئێوەو هەر هاورێیەک دەکەین... کە بەوپەرێ ئازادییەوە دەتوانن بۆچوونی خۆتان لەسەر ساڵی رابردووی بۆپێشەوە دەربرن. لەگەڵ هەر رەخنە، سەرنج، تێبینی، پێشنیارێک کە هەتانە...**

**لەگەڵ سلاوی تایبەتی ستافی بۆپێشەوە**

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە.... 28-3-2018**